دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە


ژمارە ٧٨٣، دووشەممە ٣١ی خەرمانانی ١٣٩٩ی هەتاوی، ٢١ی سێپتامبری ٢٠٢٠

www.kurdistanmedia.com

■ ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسی لە ٢٨مین ساڵوەگەڕی تیروری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانیدا ٢


■ یادی شەهیدانی میکۆنووس لە پێرلاشێز بەرز ڕاگیرا ٢

■ «مستەفا هیجری» سەردانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لە چیاکان کرد ٣


دوکتور سەعید ڕێبەرێکی ناودار و مودیرێکی لێهاتوو ٤


ئەو وانە گەورانە چین کە شەرەفکەندی دەبێت فێرمان بکات ٦


دەبێ پێشی کاولکاری نیشتمان بگیرێ ٨


وتووێژی کوردستان ١٠


## پەیڤ

### بۆ قوربانیيان دەوێ

**کەریم پەرویزی**

فەرمانیان دەرکردووە کە کەسێك بکوژن و خوێنی بەسەر خاکدا بڕێژن. ئەم فەرمانە، نە تازەیە و نە تاقانە، بەڵکوو فەرمانێکی بەردەوامە کە ڕۆژانە و مانگانە و ساڵانە دوویاتە و سەدپاتە و هەزارانپاتە بۆتەوە. لەوەتەی لە تاران کۆلۆنیالیزم دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە و نەتەوەکانی نێو جوغرافیای بەڵاڵێدراوی ئێرانی پێ، دۆڕاوانی شەڕە کە دەبێ میوانداریی شامی خوێن و تاڵانیان بەسەردا بەڕێوە ببا، تاران بۆتە حوکمی سێدارە و گوللەباران و کوردستان بۆتە قۆچی قوربانیی ساتوسەودا و سووروساتی داگیرکەران. قوربانیکردن بۆ تێراوکردنی خوێنمژیی حاکمانی دەسەڵاتدارە کە تینوویەتییان تەنیا و تەنیا بە خوێن دەشکێ. سەرانی کۆلۆنیالیستی تاران، چ بە عەمامەوە و چ بە تاجەوە، چ بە پۆتین وچ بە کراواتەوە؛ کاتێك چاو لە کوردستان دەکەن، تەنیا و تەنیا وەکوو دوژمنێك دەیبینن کە هەرکات لێی بێخەم بن و گوێی نەدەنێ، هورووژمیان بۆ دەهێنێ و کۆشکی پووشاڵییان دەسووتێنێ. لە بەر ئەم ترسە قووڵەیە کە بەردەوام سەرکوت و تیغی غەدر بە سەر کوردستانەوە رادەگرن و هەرکاتیش پێویستیان بە چاوترسێنکردنی خەڵکی دیکە لە ئێران هەبێ ، دووبارە دەست دەبەن و لە نێو کوردستاندا بە ڕێکەوت کەسێك هەڵدەبژێرن و دەیکەنە قوربانی تاکوو ترسی خوێنبینی چاوی ناوەندنشینان کز بکا و نەوێرن دژی ڕێژیم خەبات بکەن. ئەم کردەوە و ئەم جۆرە ڕوانینە بۆ کوردستان و کورد، لە تاران زیاتر لە سەدەیەکە بەردەوامە و کۆماری ویلایەتی فەقیهی زۆر توندتر و دڕندانەتر لە پێشینەکانی بەڕێوەی دەبا. کاتێك کە کەسێك وەکوو حەیدەری قوربانی، لە نێو کورددا دەگرن و تۆمەتێکی لێ دەدەن، ئیدی بۆیان گرنگ نییە کە ئایا تۆمەتەکان ڕاستن یان نا و تەنانەت گەر کارێکیشی کردبێ ئایا هەر بە پێی یاسا دژەمرۆییەکانی خۆیان، سزاکەی بە قەدەر کارەکەیەتی یان نا. لای ئەوان حەیدەر گرنگ نییە، بەڵکوو قوربانی بوونەکە گرنگە. ئەوان حەیدەریان تەنیا و تەنیا بۆ قوربانی دەوێ تاکوو هەم چەند مشەخۆری خۆیان لە کوردستان پێ ڕازی بکەن و هەم تینوویەتییان بە خوێن بشکێنن و خەڵکی دیکەش بە بینینی خوێنەکە چاوترسێن بکەن. ڕەنگە چەند هاوپیاڵەیەکی وەلیی فەقیە کە لەکاتی پێك لێدان بە خوێنی قوربانیاندا لە خوارووی سفرەکانیانەوە دانیشتوون، پاساوی ئەوە بۆ ڕێژیمێکی داگیرکەری وەکوو کۆماری ئیسلامی بێننەوە و بڵێن کە چوونکە کورد دیفاعی لە خۆی کردووە، بۆیە ڕێژیمیش ئاساییە

# خەباتی بێوچانی گەل زامنی سەرکەوتنە



٢٦ی خەرمانانی ئەمساڵ ٢٨ ساڵ بەسەر تیرۆری سکرتێری ئەوکاتی حیزبی دێموکرات، جێگری لێوەشاوە و بەرحەقی شەهیدی نەمر د.قاسملووی هەمیشە زیندوو تێپەڕی. لە کاتژمێرێکی ڕەشدا و لە پێتەختی وڵاتی ئاڵمان د.سادق شەرەفکەندی و یارانی شەهید فەتاح عەبدولی، شەهدی هومایوون ئەردەڵان و شەهید نووری دێهکوردی لە ڕێستۆرانتی میکۆنۆس و پاش بەشداری لە ٢٠مین کۆنگرەی ئەنترناسیۆناڵی سووسیالیست و لەکاتی دانووستان لەگەڵ چەند لایەنێکی ئێرانی بەمەبەستی هەوڵدان بۆ سازکردنی بەرەیەکی یەکگرتوو لە ئۆپۆزسیۆنی سەرانسەری لەدژی کۆماری ئیسلامی کەوتنە بەر تیری شەوپەرستان و شەهید کران.

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەمیشە هەبوون و هەن کەس یان کەسانێك کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دنیای دەورووبەر بە ئاراستەی توندوتیژی و هەڕەشە و تۆقاندن و چاوسوورکردنەوەدا بردووە. سڕینەوەی فیزیکی وەك کاردانەوەیەك، دەربڕی تەحەممول نەکردنی لایەنی بەرانبەر و ڕوانگە و خواستەکانی و دەرخەری لاوازیی توانای پێکەوەسازان و پەیوەندییە لە نێوان دوو لایەنی ناتەبا و پێکناکۆکدا. ئەوەی ڕوونە و بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا بەسەر مێژووی مرۆڤایەتی دەردەکەوێ ئەو ڕاستییەیە کە سروشتی مرۆڤ تێکەڵەیەکە لە زێدەخوازی، دەسەڵاتخوازی و هەستی ڕکەبەرایەتی و کۆی ئەو تایبەتمەندییانە ناچاری دەکات بەدوای دەستەبەرکردنی دەسەڵات و پاراستنی دەسەڵات و نواندنی دەسەڵاتەوە بێت. زۆرجار لەو پێناوەشدا لە ڕەوشە نائەخلاقی و ناسیاسییەکانیش کەڵك وەردەگرێت و پەنا بۆ هەر کردەوەیەك دەبات کە لەگەڵ خواست و بەرژەوەندییەکانی یەك بگرێتەوە. کاتێك بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بە لای مرۆڤێکەوە کە لە هەر جۆرە بەهایەکی مرۆڤانە بێبەرییە دەبێتە مەبەست، ئیتر گرینگیی چلۆنایەتیی دەستەبەرکردنەکەی کاڵ دەبێتەوە و ساختەکاری و کوشتن و چەواشەکاری و تاوان و تاڵان دەبنە ئامراز بۆ گەیشتن بەو دەسەڵاتە. لەو حاڵەتەدا خاوەنی دەسەڵاتێکی نارەوای ئەوتۆ، بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵاتەکەی ئامادەیی ئەوەی تێدایە ویژدان و بەها مرۆییەکانیش پێشێل بکات و لەو ڕاستایەدا بکەوێتە دروستکردنی کەشی هەڕەشە و تۆقاندن و یەکێك لەو ڕەوشانەی بە مەبەستی تۆقاندن و پاشەکشەپێکردنی جیابیران، ڕەخنەگران، نەیاران و دژبەرانی دەسەڵاتەکەی بەکاری دەبات، سڕینەوەی فیزیکی یان تیرۆرە.

ئەمە ئەو سیناریۆیە کە لە ڕێستورانی میکۆنۆس لە ئاڵمان و پیش لەویش لە ڤیەنی ئۆتریش بەڕێوە چوو کە وەک زۆر جار یارانی د.شەرەفکەندی پێی لەسەر دادەگرنەوە یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی تێرۆری میکۆنۆس ئەوە بوو کە پاش تێرۆری دوکتور قاسملوو لە ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩، دوکتور شەرەفکەندی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی وەئەستۆ گرت؛ هەرچەند تێرۆری دوکتور قاسملوو، خەسارێکی مەزن بۆ کورد بوو، بەڵام لەو ڕۆژە سەخت و دژوارانەدا دوکتور شەرەفکەندی بە ڕێبەرایەتی لێبڕاوانە و ژیرانەی خۆی توانی هیوا و هومێد لە نێو ریزەکانی حیزب و لە نێوی خەڵکی کورددا بێنێتە ئاراوە و لەوەش زیاتر هەوڵەکان بۆ سازکردنی بەرەیەکی یەکگرتووی خەباتکار لە ئاستی سەرانسەری بخاتە گەڕ کە ئەمە ترسی لە دڵی دوژمنانی ئازادی ساز کرد بۆیە تێرۆریان کرد.

بەڵام بە دڵنیاییەوە تیرۆر لێکەوتەی خراپی بۆ خودی بکەری کردەوە تیرۆریستییەکەش دەبێت و ئەو مەبەستەی کە لە پشتی تیرۆرەکەوە بووە، بە تەواوی بۆی نایەتە دی و بۆی ناچێتە سەر. نموونەی بەرچاویشی تیرۆر و کوشتنی هەمەجۆرەی ڕێبەرانی بزووتنەوەی کوردە کە هەموو ئەو مەبەستانەی لە پشت بوو کە ئاماژەیان پێدرا، بەڵام ئایا ئەو تیغە دووسەرە دەتوانێ هەتا سەر لە دەستی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆری ئێراندا بمێنێتەوە؟ ئایا توانییان بەو کردەوە دزێوانە بزووتنەوەی کوردی لە پێ بخەن؟ ڕەنگە بەرژەوەندیخوازیی ئابووریی هەندێ لە دەسەڵاتداران ڕێگر بووبێت بۆ سەروەرکردنی یاسا و ڕەوتی مافخوازی لایەنی ستەملێکراو بە ئاکامی دڵخواز نەگەیشتبێ بەڵام وەك بینیمان پەرەوەندەی میکۆنۆس و بە تاوانبار دەرچوونی کۆماری نەزانی و سێدارە بە تیرۆریزمی دەوڵەتی دەرحەق بە شارۆمەندانی خۆی، بووە هۆی ڕیسوایی نێونەتەوەیی بۆ کۆماری ئیسلامی. لە لایەکی دیکەشەوە پرسێکی گرینگی دیکە کە لێرەدا دەبێ قامکی بۆ ببەین ئەوەیە کە بزووتنەوەی کورد نەك هەر لە پێ نەکەوت، بەڵکوو ئاگری خەبات و خۆڕاگرییەکەی زیاتر بڵێسەی سەند و شۆڕش بە گوڕوتینێکی زیاتریشەوە بەردەوام بووە و دەبێ و بیری پووچەڵی تیرۆریستان کە پێیان وابوو بە سڕینەوەی فیزیکیی سەرکردەکانی کورد دەتوانن ڕەوڕەوەی مێژوو لە بەرژەوەندیی خۆیان بگۆڕن، پووچەڵ بوویەوە.

لە ٢٨مین ساڵوەگەڕی تیرۆری ڕێبەری مەزنی گەلەکەمان دوکتور سادق شەرەفکەندیدا، دەبینین کە ناو، یاد و ڕێبازی ئەو گەورەپیاوە بەرز و مەزنە، کەچی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی هەر بە مردوویی دەژین و تەنیا نەنگ و شەرمەزاریی مێژووییان بۆ ماوەتەوە. بەڵگەی سەلمێنەری ئەم وتەیەش لەلایەکەوە بەردەوامی ڕێگا و ڕێبازی ئەوان چ لای هاوسەنگەرانی لە شاخ و چ لای ڕێبوارانی لە سەنگەری شارە کە لە خەرمانانی خەم و پەژارەدا بە چالاکی جۆراوجۆر و بێ گوێدان بە هەڕەشە و فەزای تۆقاندنی زاڵ یادی دەکەنەوە و وانەکانی وەک قوتابییەکی ڕاستەقینە وەبیر دێننەوە تاکوو لە سەختەڕێگای خەباتدا تووشی هەڵە و بەلاڕێداچوون نەبن.

یاد و ناوی شەهیدانی میکۆنۆس و سەرجەم شەهیدانی حیزب و گەل بەرز و بەڕێز بێ.

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ۲۸مین ساڵوەگەڕی تێروری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانیدا



ئەمساڵ بۆ ۲۸مین جار یادی قوربانیانی تێرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لە بێرلین دەکەینەوە. لە ڕۆژی ۱۷ی سێپتامبری ۱۹۹۲ی زایینی (۲۶ی خەرمانانی ۱۳۷۱ی هەتاوی) دا دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی، کاک «فەتاح عەبدولی» نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، کاک «هومایون ئەردەڵان» نوێنەری حیزب لە ئاڵمان و کاک نووری دێهکوردی، چالاکی سیاسیی ناسراوی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، لە ڕەستوورانی «میکۆنووس» لە «بێرلین»ی ئالمان کەوتنە بەر پەلاماری تێروریستەکانی کۆماری ئیسلامی و شەهید کران.

دوکتور شەرەفکەندی بە مەبەستی بەشداریکردن لە ۱۹مین کۆنگرەی ئەنترناسیونالی سوسیالیست ( ۱۵ هەتا ۱۷ی سپتامبری ۱۹۹۲) سەردانی ئاڵمانی کردبوو و دوای کۆنگرە، بەمەبەستی چاوپێکەوتن و ئاڵووگۆڕی بیروڕا لەگەڵ ژمارەیەک لە کەسایەتییەکانی ئوپوزسیونی ئێرانی، لە ڕەستوورانی «میکۆنووس» کۆدەبنەوە. لەو کاتەدا تیمێکی تێروری کۆماری ئیسلامی لێیان وەژوور دەکەوێ و دەیاندنە بەر دەسڕێژی موسەلسەل و شەهیدیان دەکا.

ڕێژیمی ئێران سەرەتا زۆری هەوڵ دا و هەڕەشەی کرد کە پێش بە پێکهاتنی دادگا بۆ تێرۆریستەکان بگرێ. بەڵام ویست و ئیرادەی دادستان و قازییە ئاڵمانییەکان بۆ پاراستنی سەربەخۆیی دەزگای قەزایی وڵاتەکەیان، بەسەر فشار و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بەمەبەستی بەلاڕێدابردنی ڕەوتی ئاسایی دادگا، سەرکەوت. دادگای بێرلین کە بە دادگای «میکۆنووس» ناوبانگی دەرکرد لە ۲۸ی ئوکتوبری ۱۹۹۳ کرایەوە و لە ڕێکەوتی ۱۰ی ئاپریلی ۱۹۹۷ی زایینی (۲۱ی خاکەلێوەی ۱۳۷٦ی هەتاوی)، حوکمی خۆی سەبارەت بە تێرۆری بێرلین ڕاگەیاند.

لە حوکمی دادگای «میکۆنووس» دا بە ڕوونی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە بەرزترین ئاستدا واتە عەلی خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم، هاشمی ڕەفسەنجانی سەرکۆماری ئەوکاتی ڕێژیم و وەزیرەکانی دەرەوە و ئیتلاعاتی دەوڵەتی ڕەفسەنجانی، عەلی ئەکبەر ولایەتی و عەلی فەلاحیان و هەروەها موحسینی ڕەزایی فەرماندەی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بە پلاندارێژ و بەڕێوەبەری تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی ناساند و تێرۆریستەکان بە زیندان مەحکووم کران.

گرینگیی مێژوویی دادگای «میکۆنووس» لەوە دابوو کە دوای دەیان جینایەت، بۆ یەکەمجار تێرۆرێکی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە دەرەوەی وڵات لە دادگایەکی سەربەخۆ و خاوەن سەلاحییەت دا ڕوون بۆوە، تێرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لەقاو دا و ئەو حوکمە بوو بە هۆی ریسوایی نیزامی «ولایت فقیە». ئاشکرا بوو کە کۆماری ئیسلامی لە تێرۆر و تێرۆریزم وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی کەڵک وەردەگرێت.

لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆچی کۆماری ئیسلامی دوکتور سادق شەرەفکەندی تێرۆر کرد، دەکرێ ئاماژە بە زۆر هۆکار بکرێ، بەڵام لەونێوەدا دوو هۆ سەرەکی بوون:

یەکەم: کاتێک لە ۱۳ی جوولای ۱۹۸۹ی زایینی کۆماری ئیسلامی ڕێبەری ناودار دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووی لە ڤیینی پێتەختی ئوتریش لەسەر مێزی وتووێژ تێرۆر کرد، بەهیوا بوو کە دوای ئەو ڕێبەرە مەزنە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بەچۆک دادێت و جووڵانەوەی کوردستانی ئێران تووشی نسکۆ دەبێت و جمووجۆڵێک لە کوردستان بەدژی ڕێژیم نامێنێ!

دوای دوکتور قاسملوو، ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات کەوتە دەستی بەتوانای دوکتور سادق شەرەفکەندی و حیزبی دێموکرات لە ژێر ڕێبەریی شەرەفکەندیی هەڵکەوتوو و لێهاتوو و خاوەن وره و ئیرادەی پۆڵایین دا بەوپەڕی لێوەشاوەییەوە ئاڵای خەباتی حیزبەکەی بەشەکاوەیی ڕاگرت و ڕێبازی قاسملووی ڕێبەری بەسەرکەوتووییەوە درێژە پێدا. شەرفکەندیی سەمبولی خۆڕاگری، خەونە ئاڵۆزەکەی کۆماری ئیسلامی شێواند و نەیهێشت ئامانجی دوژمن بێتەدی. ئەوە بوو کە ڕێژیم ڕقی لێهەڵگرت و کەوتە پیلانگێڕان بۆ تێرۆرکردنی ئەو ڕێبەرە زانا و بەتوانایە.

دووهەم هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ دەوری یەکلاکەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە جووڵانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا.

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە بۆی دەرکەوتبوو کە خەباتی نەتەوەیی-دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی، سێکوولاریزم، دێموکراسی و دابینکردنی مافی یەکسان بۆ ژن و پیاو ...، لەگەڵ فەلسەفە و سروشت و بنەماکانی سیستمی «ولایت فقیە» ناتەبا و ناسازگارە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بڵاوبوونەوە و پەرەپێدانی ئەو بیروباوەڕ و بەها پێشکەوتخوازانەیە لە جووڵانەوەی کوردستان دا دەوری سەرەکی دەگێڕێ. هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی لەوکاتەی دەسەڵاتی ئێرانی بەدەستەوە گرتووە هەتا ئەوڕۆ، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکێک لە ئامانجە دیار و سەرەکییەکانی سیاسەتی سەرکوت و تێرۆر و توندوتیژیی ڕێژیم بووە.

بێ گومان، بە شەهیدکرانی دوکتور سادق شەرەفکەند حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو و لێوەشاوەی لەدەست چوو و جووڵانەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات خەسارێکی گەورەی وێکەوت. بەڵام حیزبی دێموکراتی قاڵبوو لە کوورەی خەبات و ڕاهاتوو بە فیداکاریی و قوربانیدان لەپێناوی ئازادی دا، ئەوجارەش پشتی نەچەماو و ڕۆڵەکانی شەرەفکەندی بە سەربەرزییەوە ئەو برینەشیان هەڵگرت و درێژەیان بە ڕێبازی ڕێبەرانی شەهید دا و ئێستاش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لێبڕاوانە لە کار و تێکۆشانی خۆی بەردەوامە.

بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە بارودۆخی ئەوڕۆی ئێران، دەبینین کە لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوو دا، قەیرانە هەمەلایەنە و بێ وێنەکانی کۆماری ئیسلامی، لەنێوخۆی وڵات و لە ئاستی نێودەوڵەتی دا، نەک هەر کەمیان نەکردوە، بەڵکوو بەردەوام پەرەشیان سەندووە.

ڕۆژ بە ڕۆژ ئاشکرا تر دەبێ کە ڕێژیمی نامەشرووع و دیکتاتوری کۆماری ئیسلامی لە دزی و گەندەڵی دا نوقم بووە و لە چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکان داماوە و تەنانەت توانای مودیرییەتکردنی چووکترین موشکیلاتی وڵاتی نەماوە و وڵامدەری سەرەتایی ترین پێداویستیی و داخوازەکانی خەڵکی وەزاڵەهاتوو نیە.

حکوومەتی ئێران هەوڵ دەدا کە بێ توانایی و داماوی خۆی لە چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکانی وڵات، بخاتە ئەستۆی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان. گومانی تێدا نیە کە گەمارۆ ئابوورییەکان ژیانیان لە خەڵکی فەقیر و هەژار تاڵتر کردوە، بەڵام هەموو گەلانی ئێران دەزانن کە هۆکاری سەرەکی سەپاندنی ئەو گەمارۆیانە، سیاسەت و کردەوەکانی خودی کۆماری ئیسلامییە. دروشمی خۆپیشاندەرانی ئێران «دوشمن ما همین جاست دروغ میگن آمریکاست» ئاشکراترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی خەڵکی ئێران ڕێژیم بە هۆکار و سەرچاوەی تەنگانە و نەهامەتییەکانی خۆیان دەزانن.

مەگەر دوای ڕێککەوتننامەی «برجام» بەشی بەرچاو لە گەمارۆکان هەڵنەگیران و دەوری ۱٥٠ میلیارد دۆلار پارە نەکەوتە دەست ڕێبەرانی ڕێژیم؟ حکوومەت لەجیاتی ئەوەی ئەو بڕەپارەیە بۆ بووژانەوەی ئابووریی شپرزەی وڵات و بۆ کەمکردنەوەی بێکاری و هەژاری و پێڕاگەیشتن بە ژیانی تاقەتپڕووکێنی خەڵک بەکار بێنێ، بەشێکی پارەکە لەلایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە دزرا و بەشەکەی دیەکە لەپێناو پشتیوانی لە تێرۆریزمی نێودەوڵەتی و پەرەپێدان بە تێرۆریزم و ناسەقامگیریی وڵاتانی ناوچە دا تەرخان کرا.

کۆماری ئیسلامی وەک حکوومەتێکی ئیدئولۆژیک و نابەرپرس ئامادەیە لەپێناو پاراستنی ڕێژیمەکەی، ئێران و ناوچە کاول بکات. کۆماری ئیسلامی ڕەوایی خۆی لەدەست داوە و کەوتۆتە پەلەقاژە و بنبەستەوە و سەرەرای هەڕوگیڤی بەردەوام، «شکست ناپذیر» نیە. وەک هەموو ڕێژیمە سەرەڕۆکانی دیکە، پەنا دەبا بۆ توندوتیژی و سەرکوتی زیاتری چالاکانی سیاسی-مەدەنی و خەڵکی ناڕازی، بەڵام ئەو کارەی حکوومەت نەک نیشانەی بەدەسەڵاتبوون و زاڵبوون بەسەر بارووددۆخەکە دا نیە، بەڵکوو دەرخەری ورەچوون و نەمانی بڕوابەخۆبوونیەتی.

لەو پێوەدییەدا، ئێمەی کورد دەتوانین بە یەکڕیزی و یەکگوتاری وهێزی یەکگرتووی حیزب و ڕێکخراوەکان و بە پشتیوانیی خەلکی کوردستان بەرەنگاری پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی بینەوە و پاشەکشە بە دوژمن بکەین و بە دەستەبەرکردنی مافەکانمان، ڕۆحی پاکی شەهیدانی «میکۆنووس» و دەیان هەزار شەهیدی دیکەی گەلەکەمان شاد بکەین.

پێویستە دووپات بکرێتەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەپێناو وەدیهێنانی یەکێتی و یەکگرتوویی ڕیزەکانی نێو جووڵانەوە، لە هیچ هەوڵێک درێخی ناکات.

بەرز و پیرۆز بێ بیرەوەری ڕێبەری لێهاتوومان دوکتور سادقی شەرەفکەندی و هاوڕێیانی کاک فەتاح عەبدولی، کاک هومایوون ئەردەڵان و کاک نوری دهکردی

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی حیزب و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان

بەردەوام بێ خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێناو ئازادی و بەختەوەری

پتەوتر و یەکگرتووتر بێ خەباتی هاوبەشی هێزەکانی نێو جووڵانەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی گەلەکەماندا

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی سیاسی**
**خەرمانانی ۱۳۹۹**
**سپتامبری ۲۰۲۰**

## لەسەر مێنۆمێنتی شەهیدانی میکۆنووس ڕێوڕەسمێک بەڕێوە چوو

کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاڵمان بەبۆنەی ۲٦ی خەرمانان ڕێوڕەسمێکی لەسەر مێنۆمێنتی شەهیدانی میکۆنووس بەڕێوە برد.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ۲۷ی خەرمانان، بەبۆنەی یادی ۲۸ ساڵەی تێرۆری میکۆنووس کە لەودا شەهیدان دوکتور «سادق شەرەفکەندی» سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاک «فەتاح عەبدولی» ئەندامی کۆمیتە ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، کاک «هومایون ئەردەڵان» نوێنەری حیزب لە وڵاتی ئاڵمان و دوکتور «نووری دێهکوردی» چالاکی سیاسی و دۆستی حیزبی دێموکرات لە ڕێکەوتی ۲٦ی خەرمانانی ساڵی ۱۳۷۱ی هەتاوی بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێستورانی میکۆنووس شەهید کران، لەلایەن کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاڵمان ڕێوڕەسمێکی تایبەت لەسەر مینۆمێنتی شەهیدانی میکۆنووس بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدان و بەتایبەت شەهیدانی میکۆنووس دەستی پێکرد.

دواتر «شەهریار نەقشبەندی» بەرپرسی ڕێکخستنی هەرێمی ئورووپا بەو بۆنەوە قسەی بۆ بەشداربووان کرد.

پاشان «حاجی جوندی» بە ناوی کۆمیتەی ئاڵمانەوە قسەی بۆ ئامادەبووان کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا «پەرویز دەستماڵچی» یەکێک لە قوربانییانی تێرۆری میکۆنووس و چالاکی سیاسی قسەی بۆ بەشداربووان کرد.

دەستماڵچی لە قسەکانیدا بە هێنانەوەی چەند بەڵگەی سەلمێنراو، باسی لە چۆنیەتیی تێرۆری میکۆنووس و بکەرانی سەرەکیی ئەو جینایەتە سامناکە کرد.

دواتر پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن «فەرزانە ڕەزەوی» بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە ئاڵمان خوێندرایەوە.

لەو ڕێوڕەسمەدا ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی و نوێنەرانی حیزبە کوردستانییەکان بەشدار بوون و بە ڕێزەوە یادیان لە شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی کردەوە و پشتیوانی خۆیان بۆ حیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات دەربڕی.

هەروەها «محەممەد سینۆ» بە نوێنەرایەتی لە پارتی دێموکراتی کوردستانی سووریە و خاتوو «تەلار گولانی» بە نوێنەرایەتی لە فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکانی ئاڵمان پەیامیان خوێندەوە.

لە دوابڕگەی ڕێوڕەسمەکەدا هونەرمەند «ناسر فەتحی» شانۆیەکی بە ناوی «تۆڵە» بەو بۆنەوە پێشکەش کرد.

## مستەفا هیجری: کۆچی دوایی کاک تەیفوور بەتحایی جێگای پەژارەی هەموومانە



لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک «تەیفوور بەتحایی» پەیامێکی بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

کۆچی دوایی کاک تەیفوور بەتحایی، کەسایەتیی شۆڕشگێڕ و هونەرمەند و نووسەری کورد جێگای پەژارەی هەموومانە. بەو بۆنەوە سەرەخۆشیی خۆمان پێشکەشی بنەماڵەی بەڕێزی و دۆستان و هاوڕێیانی و بەتایبەت هونەرمەندانی کورد و خەڵکی تێکۆشەری سنە دەکەین. یادی و ناوی بەرز

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**

## یادی شەهیدانی میکۆنووس لە پێرلاشێز بەرز ڕاگیرا

بەبۆنەی ۲۸ـەمین ساڵوەگەڕی شەهیدانی میکۆنووس، بە بەشداریی ئەندامان، لایەنگران، نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی و ئێرانییەکان لە وڵاتی فەرانسە و لە گۆڕستانی پێرلاشێز ڕێوڕەسمێک بەڕێوە چوو.

ڕۆژی پێنجشەممە ۲۷ی خەرمانان بۆ وەبیرهێنانەوەی یادی شەهیدانی بێرلین کە بە ڕووداوی تێرۆریستیی میکۆنووس ناسراوە و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوکتور «سادق شەرەفکەندی، کاک فەتاح عەبدولی، کاک هۆمایوون ئەردەڵان» و دۆستی حیزب کاک «نووری دێهکوردی» گیانیان فیدای ئامانجەکانی کوردستان و کورد کرد، ڕێوڕەسمێک بەڕێوە چوو.



هەر لەم ڕۆژەدا لە کاتژمێر ۱٠ی بەیانی هەتا ۱۲ی نیوەڕۆ لە مەیدانی ڕێپۆبلیکی شاری پاریس پێشانگەیەکی گرافیکی لە چۆنیەتیی ئەم ڕووداوە تێرۆریستییە، پرۆسەی دادگا و مەحکوومکرانی سەرانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەلایەن دەزگای دادوەریی ئاڵمان لە ساڵی ۱۹۹۷دا لەلایەن ئەندامانی کۆمیتەی حیزب لە فەرانسە بەڕێوە چوو.

دواتر کاتژمێر ۲ی پاشنیوەڕۆ ڕێوڕەسمێک بە بەشداریی ژمارەیەک لە ئەندامان، لایەنگران، دۆستانی حێزب و نوێنەری پارت و ڕێکخراوە ئێرانی و کوردستانییەکان لەسەر مەزاری شەهیدان لە گۆڕستانی «پێرلاشێز» بەڕێوە چوو.

لەم ڕێوڕەسمەدا لە سەرەتا چەپکە گوڵ پێشکەش بە ڕۆحی ئەو شەهیدانە کرا و پاشان بە خوێندنەوەی سروودی «ئەی ڕەقیب» ڕێوڕەسمەکە دەستی پێکرد و دواتر بژاردەیەک لە وتەکانی کاک دکتور «سادق شەرەفکندی» بۆ بەشداربووان بڵاو کرایەوە.

ڕێوڕەسمەکە بە سەردانی گۆڕی شەهیدانی ڤییەن دوکتور «قاسملوو» و کاک «عەبدوڵلا قادری ئازەر» کۆتایی پێ هات.

## «مستەفا هیجری» سەردانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لە چیاکان کرد

لە ڕۆژانی ڕابردوودا «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هاوڕێیەتیی بەرپرسی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەردانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لە چیاکان کرد.

لەو دیدارەدا دوو هێزی ١٢٢ و ١١٥ی پێشمەرگەی کوردستان بە بەڕێوەبردنی سانی نیزامی پێشوازییان لەو هەیئەتە کرد و پاشان فەرماندەرانی هێز بەخێرهاتنی گەرمی فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان کرد.

«مستەفا هیجری» فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگە چەندین کۆبوونەوەی سیاسیی بۆ پێشمەرگەکان پێک هێنا و بەنیسبەت دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و کوردستان و دەور و ڕۆڵی هێزی پێشمەرگە قسەی کرد.

ناوبراو لە باسەکانیدا سپاسی کار و چالاکیی ماوەی ڕابردووی هێزی پێشمەرگەی کرد و باسی لە دەوری هێزی بەهێزی پێشمەرگە لە ئاڵوگۆڕەکاندا کرد.

«هیجری» لەم قۆناغە لە خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیکماندا شاخی بە پشتیوانی خەباتی جەماوەری شار وەسف کرد و بۆ هەرچی باشتر گرێدانی ئەم دوو بەشە لە خەبات بەوردی پێداگریی کرد.لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە میانەی کۆبوونەوەی تایبەتی خۆی لەگەڵ بەشێک لە پێشمەرگەکانی هێزەکانی ١٢٢ و ١١٥، لەسەر بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران، دۆخی نالەباری ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و دەوری حیزبی دێموکرات لەم قۆناغە لە خەبات، بەوردی باسی کرد. ناوبراو هێزی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانی بە زامنی سەرەکیی سەرکەوتنی خەباتی نەتەوایەتیمان زانی و باسی لە شوێندانەریی هێزی پێشمەرگە وەک باسکی بەهێزی گەل کرد.



فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگە لەو کۆبوونەوانەدا بەوردی گوێی بۆ ڕا و سەرنجی بەشدارانی کۆبوونەوەکان ڕاگرت و دواتر وڵامی دانەوە.

لە میانەی دیداری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چەندین شوێن و پێگەی هێزەکانی پێشمەرگە سەردانی کرا و لە کۆتایی ئەم سەردانەدا، لێپرسراوی گشتی سەرنج و تێبینییەکانی خۆی بەنیسبەت ئاراستەی نیزامی و کار و تێکۆشانی پێشمەرگەکان پێشکەش بە بەرپرسی دەزگای فەرماندەیی و فەرماندەرانی پێشمەرگە کرد.

## کوردستان یادی دوکتور سەعیدی نەمری کردەوە

تێکۆشەرانی دێموکرات، پێشمەرگەکانی شار و ئەندامان و لایەنگرانی دڵسۆزی حیزبی دێموکرات و هەروەها خەڵکی گەلدۆستی کوردستان ئەمساڵیش هاوشێوەی ساڵانی ڕابردوو، بەبۆنەی هاتنی ساڵوەگەری شەهیدکرانی د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە بێرلینی ئاڵمان و بۆ شەرمەزارکردنی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە شار و گوندەکانی کوردستان چالاکی تەبلیغییان بەڕوە برد و سەری ڕێز و وەفادارییان بەرامبەر بە شەهیدانی میکۆنۆس و هەموو شەهیدانی کوردستان نەوی کرد.

**مەریوان:**

ئەو شوێنانەی مەریوان کە چالاکیی لێ ئەنجام دراوە بریتین لە: «داسێران یەک، داسێران دوو، مووسک دوو، مەیدانی پێشمەرگە، تازاوای پادگان، جادەی تازاوا و گەڕەکی ئێران خودرەو».

هەروەها ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە گوندەکانی «بەری بەگزادە» و شارەدێی «نێ» لە مەریوان، یادی شەهیدانی ٢٦ی خەرمانانیان بەرز ڕاگرت و تراکت و پوستێری تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردەوە.

لە چالاکییەکی دیکەدا پێشمەرگەکانی شار لە «مەریوان» لە گوندەکانی مووسک، شێخ عەتار، ئەسراوا و شەقام و گەڕەکەکانی بەهاران، کورەی موسەوی، کەمەربەندی، داسەیران قەدیم، فەلەکەی دارایی، مەیدانی باوەڕەشی، مەیدانی موعەلیم، ئەرتش، ئیستگای تاکسی ومەیدانی نەورۆز، لە ساڵیادی تێرۆری شەهیدانی میکۆنووسدا چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

**شۆ:**

پێشمەرگەکانی شار لە «شنۆ» لە گەڕەکی «ئەمیرئاباد» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و تراکت و پوستێریان لە دەوروبەری مزگەوت، قوتابخانەی کچانە و کوڕانە، لەبەر دەرگای ماڵەکان و کۆڵانەکانی ئەو شوێنە بڵاو کردەوە. لەو چالاکییەدا سەرەڕای بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێر، ئاگادارییان بۆ چەند جاشێک ناردووە و داوایان لێ کردوون کە دەست لە خیانەت هەڵبگرن.

پێشمەرگەکانی شار لە «ئاڵیاوێ»ـی شنۆ بە بڵاوکردنەوەی سەدان تراکت و پوستێری تایبەت بە ٢٦ی خەرمانان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و یادی ئەو شەهیدە مەزنانەیان بەرز ڕاگرت.

**مەهاباد:**

پێشمەرگەکانی شار لە «مەهاباد» لە گەڕەکەکانی «ئەسحابەی سپی، مەیدانچەی حەسەنزادە، زەوینەکانی شارەداری، بەری شیلانان، بەری مەدرەسە، مەیدانی ئیستقلال، چوارڕێیانی ئیدارەی پۆست، نێو دەنگی و ڕەنگی ڕێژیم، مەحوەتەی مەنگوڕان و زۆربەی قوتابخانەکانی شار» تراکت و پوستێری پەیوەندیدار بە ٢٦ی خەرمانانیان بڵاو کردەوە.

هەروەها پێشمەرگەکانی شار لە «مەهاباد» لە گوندەکانی «قزڵجەی سەرێ و خوارێ، دەرمان، حاج عەلی کەند، سونجاق، خاتوون خاس، وەتەمیش، خانەقا، شەرەفکەند، ئاشی گوڵان، سەدرئاباد، کانێ ڕەش، حوسێن ئاوا و ڕێگای نێوان مەهاباد ـ بۆکان» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و یادی شەهیدانی «میکۆنووس»ـیان بەرز ڕاگرت.

**بۆکان:**

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە «بۆکان» لە گەڕەکەکانی «مەحموو ئاوا، جەموغە، سەیدئاوا، شاریکەند و گوندەکانی قاجر، تەپی، قەرەلی، حاشیاباد، پاشبلاغ، سەرباغچە و باغچە گەورە» و هەروەها زۆربەی تابلۆکانی ڕێگای گوندەکان، بەبۆنەی ٢٦ی خەرمانانەوە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لە چالاکییەکی دیکەدا ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە گوندی «تەرەغە»، شوێنی لەدایکبوونی دوکتور «شەرەفکەندی»، بە دانانی گوڵ و جامانە و وێنەی دوکتور «شەرەفکەندی» گوندەکەیان ڕازاندەوە.

هەروەها لە «بۆکان» و گوندەکانی دەوروبەری بەبۆنەی ٢٦ی خەرمانانەوە چالاکیی بەرینی تەبلیغی بەڕێوە چوو و تیکۆشەرانی دێموکرات ئەمەگناسیی خۆیان بە ڕێبازی شەهیدانی کوردستان دووپات کردەوە.

«بلواری ئازادەگان، کەمەربەندیی شار، سێڕێیانی خاوەران، بلواری کوردستان، شەقامی سەقز، میرئاوا لە بلواری کشاوەرز، حەمامیان، شەقامی ٢٠ میتری، قوتابخانەکانی باخی فەرهەنگ و بلواری کوردستان، گوندەکانی دارە گردە، عەزیز کەند، سەیدئاوا، قەرە کەند، تابلوکانی ڕێگای بورهان، دونگز، داربە سەر، ئاختە تەر، بوغدە کەندی، کانی پانکە» ئەو شوێنانەی بۆکانە کە چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە.

لە «بۆکان» بۆ چەندەمین جار پێشمەرگەکانی شار ڕێژیان لە شەهیدانی ٢٦ی خەرمانان گرت و پەیمانی وەفادارییان دووپات کردەوە.

ئەو شوێنانەی «بۆکان» کە چالاکیی تەبلیغیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە» «فەلەکەی بەسیج، کۆی محەممەد، فەرهەنگییانی یەک، مەیدانی فوتباڵ، شەقامی فەرمانداری، فەلەکەی فەرمانداری، شەقام و کۆڵانەکانی میرئاوا، شەقامی زانکۆی پەیامی نوور، شەقامی ئیستەخر، ئابشار، شەقامی تێرمیناڵ، مزگەوتی نوور، شەقامی دادگوستەری، کۆڵانی دامپزیشکی، شەقامی کاریگەر، شەقامی ساڵمەندان، شەقامی حاجی شاخە، نەخۆشخانەی قەدیم، قوتابخانەکانی میراوای کۆن، مزگەوتی جامیعەی میراوا و سێڕێیانی خاوەران».

هەروەها لە «کێوەڕەش»ـی بۆکان ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە ساڵیادی شەهیدانی ٢٦ی خەرماناندا چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و تیرۆریزمی ڕێژیمی ئێرانیان مەحکووم کرد.

**پیرانشار:**

لە «پیرانشار» ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە گەڕەکەکانی: «مزگەوتی حەزرەتی ئیسماعیل، قوتابخانەی کارودانیش، شەقامی بێعسەت و سەردەشت» بە نووسینی درووشمەکانی پێوەندیدار بە ٢٨ـەمین ساڵڤەگەڕی تێرۆرکرانی دوکتور «شەرەفکەندی»و هاوڕێیانی ، تێرۆریزمی ڕێژیمی ئێرانیان مەحکووم کرد و یادی شەهیدانی «میکۆنووس»یان بەرز ڕاگرت.

**شوێشە:**

پێشمەرگەکانی شار بەبۆنەی ٢٦ خەرمانان ساڵیادی شەهیدانی «میکونووس» لە شاری «شوێشە» و ناوچەی «کەڵاتەرزان» سەر بە شاری سنە ئێوارەی ٢٦ خەرمانان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەو شوێنانەی چالاکیی تەبلیغی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: «نێو شاری شوێشە، بلواری دوکتور قاسملوو، دەوروبەری شارەداریی قەدیم، کۆڵانەکانی نێو شار وهەروەها ڕێگای هاتوچۆی ئاواییەکانی «کەرگینە، بزان، تازاوای خەسرەوئاوا، ڕەشنەش، کەڵاتێ، دانیکەش و دادانەی کەمانگەر».

**سنە:**

هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات لە سنە بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی ئەمەگداریی خۆیان بە ڕێبازی پرسەروەریی شەهیدان نیشان دا .ئەوان لەو چالاکییەدا تراکت و پوستێری تایبەت بە ٢٦ی خەرمانانیان لە شوێنە گشتی و گرینگەکانی شاردا بڵاو کردەوە. ئەو شوێنانەی سنە چالاکیی لێ ئەنجام درابوون بریتین لە: «زانکۆی کوردستان، لەشکەر ٢٨ی ئەرتشی ڕێژیم، فرۆکەخانە، زانکۆی فەرهەنگییان، زانکۆی ئازادی سنە، دادگای سنە، مەیدانی کاوە، بازارچەی زاگرۆس، سپای بەیتولموقەدەس، شارەداریی سنە، مەیدانی ئیقباڵ، مزگەوتی جامێعە، مەیدانی سنەدژ، فەرمانداری، دەفتەری نوێنەری ویلایەت فەقیهی ڕێژیم لە سنە، یاریگای ٢٢ی گوڵان، شەشۆم بەهمەن و زۆربەی شەقام و ڕێگا سەرەکییەکان».

هەر بەم بۆنەوە تێکۆشەرانی دێموکرات لە: «شارەکی نەساحی، پشت ئیتلاعات و فەرماندەیی هێزی ئینتزامی، بلواری ئازادەگان، شەقامی ٥٥ و سێڕێیانی خاوەران و شەقامی سیلۆی قدیم» چالاکی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە گوندەکانی «مێراو» و «سەرێز» سەر بە ژاوەرۆی سنە، بەبۆنەی ٢٦ی خەرمانانەوە چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد و لەگەڵ ئامانج و ڕێبازی ئەو نەمرانەدا پەیمانی وەفادارییان نوێ کردەوە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە سەیرانگاکانی «حەوت ئاسیاو و ماماتکە» و هەروەها زۆربەی گەڕەکەکانی سنە، تراکت و پوستێری پەیوەندیدار بە ٢٦ی خەرمانانیان بڵاو کردەوە و ئەمەگناسیی خۆیان بە ڕێبەری شەهید دوکتور «شەرەفکەندی» دووپات کردەوە.

**سەقز:**

ئەندامانی تیکۆشەر و دڵسۆزی حیزبی دێموکرات لە سەقز، لە بەرەبەری ٢٨ـەمین ساڵڕۆژی شەهیدکرانی ڕێبەری بلیمەتی گەلی کورد دوکتور ‹‹سادق شەرەفکەندی›› و هاوڕێیانی بە بڵاوکردنەوەی تراکت و وێنەی ئەو ڕێبەرە مەزنە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: ‹‹شەقامی سەعدی، دەوروبەری مزگەوتی حەزرەتی عومەر، کوشتارگا و نزیک سیلۆ››.

هەروەها ئێوارەی ڕۆژی هەینی ٢١ی خەرمانان، پێشمەرگەکانی شار لە «سەقز» لە بەرەبەری ساڵیادی شەهیدانی «میکۆنووس»دا تراکت و پوستێری پەیوەندیدار بەو ڕۆژەیان بڵاو کردەوە و لەگەڵ شەهیدانی ٢٦ی خەرمانان و ئامانجی حیزبەکەیاندا پەیمانی وەفادارییان دووپات کردەوە. ئەو گەڕەک و شەقامانەی «سەقز» کە چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: «شارەکی دانشگا، شارەکی زاگرۆس، گەڕەکەکانی شاناز، کەریم ئاوا، حەماڵاوای سەروو و خواروو، ناوبازاڕ، چەمی وەلی خان، ساڵمەندان و قەرەچی ئاوا».

**دێولان:**

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە چالاکییەکی بەرینی تەبلیغی لە ناوچەی «لەیلاخ و دێولان»، تێرۆرکردنی دوکتور شەرەفکەندییان مەحکووم کرد و بەوبۆنەوە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. «خوار جادە، گەڕەکی قەدیم دێولان، گەڕەکی زاگرۆس، سەخاوەتی یەک هەتا پێنج، گەڕەکی شافێعی، گەناوا، جەهادگەران، مەسکەنی مێهر، سەیرانگای حەوت سۆران، گوندی هەواجۆ، ناسرئاوا، ئارەزن، قازی جۆ، ئاڵیاوا، یەڵوزخاج، کنگرە، جادەی دێولان ـ سونقوڕ» ئەو شوێنانەی شاری دێولان و بان لەیلاخە کە چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە.

**سەوڵاوا:**

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە گوندی «ڕوار»ی سەر بە سەوڵاوا، بۆ بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی ٢٦ی خەرمانان، ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان هەڵ کرد و سروودی شۆڕشگێڕییان بڵاو کردەوە.

## هەڵۆکانی زاگرۆس جاشێکیان لە ناوچەی پیرانشار بە سزای تاوانەکانی گەیاند

وێبلاگی «هەڵۆکانی زاگرۆس» بڵاوی کردووەتەوە کە تاوانبارێکی ناوزڕاویان لە ناوچەی لاجانی پیرانشار بە سزای تاوانەکانی گەیاندووە و کوشتوویانە.

لە هەواڵێکدا کە وێبلاگی «هەڵۆکانی زاگرۆس» بڵاوی کردووەتەوە، سەرلەئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٧ی خەرمانان لە کۆنەلاجانی پیرانشار، جاشێک بە ناوی سەید «تاهیر تسۆ» ناسراو بە سەید «تاهیری مەلا ڕەشید»، بە تاوانی جاشیەتیی چەکدارانە، سیخوڕی و پیلانگێڕی بۆ لەداوخستنی تێکۆشەران و نیشتمانپەروەرانی ناوچەکە کەوتووەتە بەر ئامانجی هەڵۆکانی زاگرۆس و بە سزای تاوانەکانی گەیشت. بەپێی هەواڵی وێبلاگی «هەڵۆکانی زاگرۆس»، برایەکی ناوبراو بە ناوی مەلا سەید «شێخەی تسۆ» کە لە بەکرێگیراو و گوێ لە مستەکانی ڕێژیمە و لە تاوان دەرهەق بە گەلەکەی سڵی نەکردووەتەوە، پێشتر درابووە بەر دەسڕێژی گوللە و بریندار کرابوو. «هەڵۆکانی زاگرۆس» ڕایانگەیاندووە: «لە پێناو ئامانجی گەل و پارێزگاری لە نەتەوەکەماندا هەردەم چەکەکانمان لەسەر پێیە».

## فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان چەواشەکارییەکانی سپای پاسدارانی ڕەت کردەوە

هەواڵدەریی «تەسنیم» سەر بە سپای تێرۆریستی پاسداران، لە هەواڵێکدا بڵاوی کردووەتەوە: «سپای پاسداران لە زەنجیرە عەمەلیاتێکدا بنکە و مەقەڕەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان کردووەتە ئامانج و زیانێکی زۆریان بە مەقەڕەکان گەیاندووە».

«کاوە بەهرامی» بەرپرسی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە وتووێژێکدا لەگەڵ ئاژانسی هەواڵدەریی «کوردپا» ڕایگەیاند: «ئیدعاکانی سپای پاسداران دوورە لە ڕاستی و ئێمە لەو ناوچەیە هیچ بنکەیەکی سابتمان نییە».

بەرپرسی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە ڕەتکردنەوەی ئیدعاکانی سپای پاسداران لەمەڕ شەهید و برینداركردنی پێشمەرگەکانی کوردستان، وتوویەتی: «لەو تۆپبارانکردنەدا هیچ خەسارێکی گیانیمان نەبووە و پێشمەرگەکانی کوردستان لە سڵامەتیی تەواودان».

ڕۆژی چوارشەممە ١٩ی خەرمانان، سپای تێرۆریستی پاسداران بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشی کردە سەر خاکی هەرێمی کوردستان و بە مووشەک لە بەرزاییەکانی «تەلان» سەر بە ناوچەی سیدەکانی دا.

پاش هێرشی مووشکیی سپای پاسداران، تۆپخانەکانی سپا بەرزاییەکانی «بەربەزین»ـیان بەسەختی بۆردومان کرد.

## پەیامی ناوەندی هاوکاری بەبۆنەی تاوانەکانی ١٧ی خەرمانان

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران! دوو ساڵ لەوەپێش و لە وەها ڕۆژێکدا سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان لە قەڵای دێموکرات کردە ئامانجی مووشەکە بالیستیکەکانی خۆی. لە ئاکامی ئەو هێرشە سامناکەدا وێڕای برینداربوونی دەیان کەس لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات کە لەنێوانیاندا ژمارەیەک ژن و منداڵ دەبینران، چواردە کەس لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەهید بوون. هەر لە ئاکامی ئەو مووشەکبارانەدا دوو مامۆستای فێرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش شەهید بوون. هەر لەو ڕۆژەدا سێ زیندانیی سیاسیی کۆمەڵە بە ناوەکانی «ڕامین حوسێن پەناهی، لوقمان مورادی و زانیار مورادی» لەلایەن جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی لە زیندان لەسێدارە دران. کردەوەی تیرۆریستی و سەرکوتی بیرجیاوازان لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیدا بابەتێکی نوێ و نامۆ نییە و لە ماوەی ٤ دەیەی دەسەڵاتی ڕەشی خۆی بەسەر ئێران و کوردستاندا یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی پاراستن و ڕەوایەتی پێدان بە دەسەڵاتی ڕێژیم بووە، هێرشی تێرۆریستی بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات و لەسێدارەدانی سێ زیندانیی سیاسیی کورد لە ڕۆژێکدا لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە هەر بە ئاراستەی ئەو سیاسەتە نامرۆڤانەیە و بە ئامانجی چاوترساندنی خەڵکی کوردستان و نیشاندانی هێزی سەربازیی سپای تێرۆریستیی پاسداران ئەنجام درا، بەڵام ئەوەی بەرپرسانی ڕێژیم چاوەڕوانییان نەدەکرد، دەنگی بەرینی ناڕەزایەتیی خەڵک لە کورستان بوو بەرامبەر بەم تاوانە. بە دوای ئەو تاوانە تێرۆریستییە، لەسەر داوای ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، ڕۆژی ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧، مانگرتنێکی سەرتاسەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیەندرا و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بەدەم داوای حیزبەکانی خۆیانەوە هاتن و بۆ جارێکی دیکە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامییان مەحکوم کرد. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە دووەمین ساڵیادی تاوانی ١٧ی خەرماناناندا سڵاو دەنێرێت بۆ گیانی پاکی گیانبەختکردووانی ئەو ڕۆژە و هاوخەمیی خۆی لەگەڵ بنەماڵە و هاوسەنگەرانی ئەو شەهیدانە دووپات دەکاتەوە. بۆ جارێکی دیکەش ئەو تاوانەی کۆماری ئیسلامی مەحکووم دەکەین و پێزانینی خۆمان ئاراستەی خەڵکی وشیار و خەباتکاری کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەین کە هەمیشە خاوەندارێتیی ڕۆڵەکانی خۆیان کردووە و دژی داگیرکاری و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی تێکۆشاون و قوربانییان داوە. جارێکی دیکە یادی شەهیدانی ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧و سەرجەم گیانبەختکردووانی بزووتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان بەرز ڕادەگرین و پەیمان تازە دەکەینەوە کە درێژەدەری ڕێگای پڕ لە شانازییان دەبین.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٦ی خەرمانانی ١٣٩٩ی هەتاوی**

### درێژەی پەیڤ

خوێنیان بڕێژێ، بەڵام هەموو هزرێکی ئازاد و ئیرادەیەکی کۆڵنەدەر دەزانێ کە حەیدەرەکان تەنیا و تەنیا بە تاوانی کوردبوون دەکرێن بە قوربانی.

# دوکتور سەعید
# ڕێبەرێکی ناودار و مودیرێکی لێهاتوو

ناسر ساڵحی ئەسڵ

«ڕێبەری» کاتێك شکڵ دەگرێ کە تاك بە هەر هۆیەك تێبکۆشێ لە سەر خووخدەی تاك یان گرووپ کاریگەریی هەبێ. هەرچەند ئەو کارە بۆ ویست و ئامانجی تایبەت یان ئۆرگانیزاسیۆنێك ئەنجام بدرێ. لەلایەکی دیکەوە دەستەواژەی مودیرییەت هەروەك زۆربەی چەمکەکان، پێناسەگەلی فراوانی هەیە. بە وتەی توێژەرانی ئەو زانستە، نزیك بە هەژماری نووسەران و دانەرانی کتێبی مودیرییەت، پێناسەی مودیرییەت هەیە. لێرەدا پێناسەیەك بۆ نموونە باس دەکەین کە «پاوڵ هێرسی و کێن بلانچارد» لە بەرهەمی بەناوبانگی خۆیان واتە « بەڕێوەبەریی ئاکاری ڕێکخراوەیی، کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوە ڕێکخراوەییەکان» ئاماژەیان پێکردووە. بە پێی ئەو پێناسەیە، مودیرییەت واتە، کارکردن لەگەڵ تاکەکان، بە هۆی تاکەکان و کۆمەڵ بۆ بەدیهاتنی ئامانجی ڕێکخراوە«. هەر وەك لە ڕواڵەتی پێناسەکە دەردەکەوێ، مودیرییەت پرۆسە و ڕەوتێکە لە ئاکامی کارکردنی تاکێک بە ناوی» مودیر» بە هۆی تاکەکان و گرووپەکان لە دووتوێی پێکهاتەیەك بە ناوی ڕێکخراوە و بۆ بە دیهاتنی ئامانجێک کە ئەو پێکهاتە هەیەتی، ئاشکرا دەبێ.

هەروەها، مودیرییەت بێ بوونی تاکەکان و ڕێکخراوە لە گەڵ ئامانجی دیار و بەرچاو، بەدی ناکرێ. ڕێبەری و مودیرییەتی کارا و شێوەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دوکتور سەعید بۆ گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات وای لەو ئینسانە بەوەجە کرد کە ڕێبەرێکی لێهاتوو و مودیرێکی سەرکەوتوو و لە گڵ دەرهاتووی لێ بێتەدەر.

کاك سەعید ئەگەرچی خاوەنی هزر و ئەندێشە و تیۆریگەلی شەخسی و تایبەت بە خۆی لەمەڕ ئامانج و ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، بەڵام تا کاتی شەهیدبوونی هەرگیز لە چوارچێوەی بازنەی تێڕوانین و ئیرادە و ئەندێشەی بە کۆمەڵ لای نەدا. هەروەها لە بوارگەلی ڕێبەری، مودیرییەت و تەشکیلاتی حیزب، ئینسانێکی بە بەرنامە و قاتیع بوو.


مرۆڤێکی بەبیروباوەڕ و خاوەن هەڵوێست بوو. لەگەڵ بێ ئوسوولی و هەلپەرەستی و کەمتەرخەمی بە جیددی بەرخوردی دەکرد. لە پێگەیاندنی کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، کاریگەری و نەخشی تایبەتی هەبوو. هەروەها لە بواری شەخسییەوە ئینسانێکی ئازا و چاونەترس بوو.

لە بواری سیاسی و دیپلۆماسییەوە، مرۆڤێکی وریا و وردبین و دەقیق بوو. لە پرەنسیپەکانی دیپلۆماسیدا شارەزا و پسپۆڕ بوو، لە پێوەندی سیاسی نێونەتەوەییدا مامۆستا بوو.

شارەزایی لە ئوسوول و پرەنسیپە نێونەتەوییەکاندا هەبوو. ئاشنا بە کێشەی نەتەوەی کورد لە کوردستان بوو.

ڕێبەر و مودیری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو.

دوکتور سەعید بە پشت بەستن بە ئیرادەی خۆی لە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی حەقخوازانە و جەماوەریی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، وەك ڕێبەرێکی شاز و مودیرێکی لێهاتوو لەگەڵ مەسەلەگەلی تیۆری و فیکری سەروکاری هەبوو. هەمیشە وەك مودیرێکی شایستە و لێزان کاری بە کۆمەڵی دەکرد و بێزار بوو لە تاکڕەوی. هەروەها باوەڕێکی قووڵی بە پلۆرالیزم هەبوو، لە سەر بڕیاردانی ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات



کاریگەری و ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو.

بۆ چەسپاندنی ئەم ئەسڵە، هەروەها باوەڕی بە ڕێبەریی بەتوانا و مودیرییەتی دەقیق بۆ دانانی کاریگەری لە سەر هەرچی باشتر بەڕێوەبردنی حیزبی دێموکرات هەبوو و تەنانەت بە پێویستی دەزانی.

دوکتور سەعید بۆ بەڕێوەبردنی ئەرك و کار و بەرپرسایەتییە حیزبییەکان ئەوپەڕی دیقەتی دەکرد. ڕۆڵ و نەخشی ناوبراو لە ڕێبەریدا خەلاق و داهێنەرانە بوو.

ئەو ڕێبەرە نەمرە لە بیاڤی مودیرییەت و بڕیاردانـدا، دارشتنی بەرنامە و پرەستیژی واقیعبینانە، داهێنران لە کاری ڕێکخستن و تەشکیلاتیدا، کونترۆڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێوخۆییەکانی حیزبی دێموکرات، پێکهێنان و دروستکردنی بزوێنەر و ئەنگیزەی کار و بەرپرسیاریەتی لەنێو ئەندامانی حیزبدا، ڕێگانیشاندەر و ئامانجداربوون لە دارشتنی سیاسەتی درووست و ئوسوولیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەلومەرجگەلی جۆراوجۆری خەباتدا، جێ پەنجەی دیار بوو و زۆر خاڵی دیکەش نیشانەی لێهاتوویی و شایستەیی ئەو مرۆڤە ئازادیخواز و نیشتمانپەروەر و مرۆڤتەوەرە بوون.

کاك سەعید کار و بەرپرسایەتییە حیزبییەکانی پێناسە دەکرد و بۆ چۆنیەتیی بەڕێوەبردنیان بەرنامەڕێژیی دەکرد. ئەرکی هەر یەك لە ئۆرگانەکانی حیزبی بۆ ئەنجامدان و بەڕێوەبردنی لە چوارچێوەی ئوسول و پرەنسیپە دیاریکراوەکان دیاری دەکرد و لە بەڕێوەبردنی کار و ئەرکە حیزبییەکاندا پێداگری و جەختی دەکردەوە و لە ئاکام و کردەوەکانی دەکۆڵییەوە. هەروەها وەکوو ڕێبەرێکی دیار و مودیرێکی مرۆڤدۆست بەدڵسۆزییەوە لەگەڵ ئەندامانی حیزبی دێموکرات و دەورووبەر هەڵسووکەوتی دەکرد. پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لە سەر بناغەی مەیل و ئارەزووی خەڵك دادەڕشت و ڕێزی لە ویست و داخوازییەکانی خەڵك و ئەندامانی حیزبی دەگرت، و باوەڕ و متمانەی قووڵی بە کادر و پێشمەرگە هەبوو.

شێواز و ستایلی ڕێبەری و مودیرییەتی دوکتور سەعید، بە شێوەی بەشداریدان و پێسپاردن « مشارکت و تفویض» بوو. هێز و پۆتانسییەڵی ئەندامەکانی لە بڕیاردانـدا بەشدار دەکرد و دیاریکردنی ڕەوەند و ڕێچکەی ئاکامی کار و ئەرکەکانی بە کۆمەڵ دەسپارد.

شێوەی ڕێبەری و مودیرییەتی ناوبراو بۆ ئەندامانی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر بنەما و ئەساسی ڕادەی ئامادەیی ئەندامەکان بۆ قەبووڵ کردنی کار و بەرپرسایەتییەکانی حیزبی، بە سەرنجدان بە بارودۆخی شەڕ لە کوردستان و زەخت وگوشاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان بوو. لێهاتوویی، زیرەکی و سادە و ساکاربوون، لەخۆبردوویی، ڕۆکبوون و ڕوونوێژی و سەداقەت و باوەڕبەخۆبوون خاڵی بەرچاوی تایبەتمەندییەکانی دوکتور سەعید بوون. لە سەردەمی ئێستادا دەبێ کە ئەم شێوازە ڕێبەری و مودیرییەتە ببێتە هێزی بزوێنەر و ئەنگیزەیەکی قایم و پتەو بۆ کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەمەڕ بڕیاردان، کاری بە کۆمەڵ، بردنەسەری ڕۆحییەی شۆڕشگێڕی و پەروەردەکردن و بارهێنانی کادر و پێشمەرگە لاوەکان. چوونکە لە ئەنجامدان و بەڕێوەبردنی کار و بەرپرسایەتیدا پێڕەوی دیسیپلینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو.

دوکتور سەعید بۆ وەدەستهێنانی ئامانج و ویستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەخش و کاریگەری کادرەکانی لە ئۆرگانەکانی حیزبدا پێناسە دەکرد. ئەو نەخشگەلە بریتین لەو ئەرکانە: دارشتنی پلان و بەرنامە، ڕێکخستن «سازماندهی» ڕێنوێنی کردنی هێزی پێشمەرگە، کاری بە کۆمەڵ، چۆنیەتیی هەڵسووکەوت لەگەڵ خەڵك و ئەخلاقی شۆڕشگێڕی لەنێو بەدەنەی حیزبی دێموکراتدا. لە لایەکی دیکەشەوە ڕێزی بۆ فیکر و ئەندێشە و ئیدەی ئەندامانی دادەنا. لە دامەزراندنی پێوەندیی دوولایەنە و بەشداری بۆ بڕیاردان هەمیشە هاوسەنگەرانی هان دەدا. ئەم ڕێگەچارە دوولایەنە ئیمکانی باشی دەرەخساند کە ڕێبەری بتوانێ تەئکید و جەختی زیاتر لە سەر کار و ئەرکەکان بکاتەوە.

کاك دوکتور سەعیدی نەمر ئیمانێکی قووڵی بە کاردانەوەی خەباتی حیزبی دێموکرات لە ڕێگەی هاوسەنگیی نێوان ڕۆحیەی شۆڕشگێڕی و کار و ئەرکدا هەبوو.

هەر بۆیە کەسانی شۆڕشگێڕ و بە باوەڕ و ئیمان لە ڕەوتی بزووتنەوەی خەباتی مافخوازانەی نەتەوەکەماندا کار و ئەرکیان وەئەستۆگرت و لە بەڕێوەبردنی پرەنسیپ و ئوسوول و ڕێکاری ئیستراتیژیی سیاسیی حیزبی دێموکراتدا هەمیشە خولقاندن و داهێنانی بەکردەوە لە دەستدا بوو.

هەروەها سەرنجی ئەندامانی حیزبی بۆ بەڕێوەبردنی هەرچی باشتری ئەرکەکان لەبەرچاوگرتنی ئامانج و ڕێباز و بەرنامەکانی حیزب ڕاکێشا. شێوەی خەباتی حیزبی دێموکراتی لە کۆبوونەوەکاندا بە لێوەشاوەییەوە ڕاڤە و بەیان دەکرد.

بەرنامەگەلی ئوسوولی و گونجاوی لەگەڵ هەلومەرجی خەبات لە کوردستانی ئێراندا، هەنگاو بە هەنگاو بۆ وەدەستهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد لە پێناوی گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسدا شی دەکردەوە و ڕێنوێنیی پێویستی بۆ ڕێکوپێککردنی قەوارەی کارو خەبات دەدا بە کۆمیتەی ناوەندی و ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا. هەروەها کاك سەعیدی نەمر شێلگیرانە بۆ سەقامگیرکردنی دیسیپلین و فەرهەنگی شۆڕشگێڕانە لە حیزبدا تێدەکۆشا.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی گرینگیدان بە توانایی و لێهاتوویی کادر یان پێشمەرگە بوو کە توانا و مایەی ئەرك و بەرپرسایەتی تێدایە، بە هەموو توانایەوە پشتیوانیی لەو کادر و پێشمەرگەیە دەکرد و هانی دەدا بۆ وەئەستۆگرتنی کار و ئەرکی حیزبی.

ڕێبەری شەهیدمان چ ئەو کاتەی وەك ئەندامێکی هەڵسووڕی حیزب کاری دەکرد و چ وەك ئەندامی ڕێبەریی یان ئەو کاتەی کە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کەوتە سەرشان، خاوەن سروشتی تایبەت بە خۆی بوو، وەکوو خاوەن نفووزێکی باش لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئێران. سیاسەتمەدارێکی ناودار، مودیر و وردبین و دیپلۆماتێکی بەوەج و ناوبەدەر بوو.

شارەزا لە دارشتنی سیاسەتی ڕۆژ و ئاگادار بە ئاڵوگۆڕەکانی جیهان بوو. هەر بۆیە وەکوو ڕێبەرێکی سەرکەوتوو لە سەرەتای دەستپێکردنی ئاڵوگۆڕەکان و ڕووخانی دیواری بێرلین و هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سوڤیەت و ڕووخانی بلوکی ڕۆژهەڵات و گۆڕانکاریی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لە دەسپێکی شۆڕش و ڕاپەڕینی نەتەوەی کورد لە کوردستانی باشوور دەوری پۆزەتیڤی گێڕا و پشتیوانی ڕاپەڕینی خەڵکی وەزاڵەهاتووی باشووری کوردستان بوو. خوێندنەوەی سەردەمیانەی بۆ ڕووداوەکانی کوردستان و ئێران و جیهان هەبوو. هەر بۆیە لە بیری پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتیك لە هێزە دێموکراتەکانی گەلانی ئێران و کوردستاندا هەبوو.

بەڵام بە داخەوە ڕێبەری بلیمەتی نەتەوەی کورد ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ۲٦ی خەرمانانی ۱۳۷۱ی هەتاوی بە دەستی تیرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕیستۆرانی میکۆنۆس لە شاری بێرلینی پێتەختی ئاڵمان لەگەڵ هاوڕێیانی فەتاح عەبدولی، هۆمایوون ئەردەڵان و نووری دێهکۆردی شەهید کران.

**ڕۆڵ و نەخشی ناوبراو لە ڕێبەریدا خەللاق و داهێنەرانە بوو. ئەو ڕێبەرە نەمرە لە بیاڤی مودیرییەت و بڕیاردانندا، دارشتنی بەرنامە و پرەستیژی واقیعبینانە، داهێنران لە کاری ڕێکخستن و تەشکیلاتیدا، کونترۆڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێوخۆییەکانی حیزبی دێموکرات، پێکهێنان و دروستکردنی بزوێنەر و ئەنگیزەی کار و بەرپرسیاریەتی لەنێو ئەندامانی حیزبدا، ڕێگانیشاندەر و ئامانجداربوون لە دارشتنی سیاسەتی درووست و ئوسوولیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەلومەرجگەلی جۆراوجۆری خەباتدا، جێ پەنجەی دیار بوو و زۆر خاڵی دیکەش نیشانەی لێهاتوویی و شایستەیی ئەو مرۆڤە ئازادیخواز و نیشتمانپەروەر و مرۆڤتەوەرە بوون**

**کاک دوکتور سەعیدی نەمر ئیمانێکی قووڵی بە کاردانەوەی خەباتی حیزبی دێموکرات لە ڕێگەی هاوسەنگیی نێوان ڕۆحیەی شۆڕشگێڕی و کار و ئەرکدا هەبوو. هەر بۆیە کەسانی شۆڕشگێڕ و بە باوەڕ و ئیمان لە ڕەوتی بزووتنەوەی خەباتی مافخوازانەی نەتەوەکەماندا کار و ئەرکیان وەئەستۆگرت و لە بەڕێوەبردنی پرەنسیپ و ئوسوول و ڕێکاری ئیستراتیژیی سیاسیی حیزبی دێموکراتدا هەمیشە خولقاندن و داهێنانی بەکردەوە لە دەستدا بوو**

**شارەزا لە دارشتنی سیاسەتی ڕۆژ و ئاگادار بە ئاڵوگۆڕەکانی جیهان بوو. هەر بۆیە وەکوو ڕێبەرێکی سەرکەوتوو لە سەرەتای دەستپێکردنی ئاڵوگۆڕەکان و ڕووخانی دیواری بێرلین و هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سوڤیەت و ڕووخانی بلوکی ڕۆژهەڵات و گۆڕانکاریی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لە دەسپێکی شۆڕش و ڕاپەڕینی نەتەوەی کورد لە کوردستانی باشوور دەوری پۆزەتیڤی گێڕا و پشتیوانی ڕاپەڕینی خەڵکی وەزاڵەهاتووی باشووری کوردستان بوو**

# ڕاسان بزووتنەوەیەکی ئاوارتە کە بووەتە بنەما

جاقل
وەرگێڕان :ئاسۆ مینبەری



خەباتی سیاسیی نەتەوەی کورد لە بەرانبەر ڕێژیمی تاران لانیکەم، لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا هەوراز و نشێوگەلێکی بەخۆیەوە بینیوە. بەڵام بەردەوامیی ئەم خەباتە بە هەموو چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لەوەیکە نەتەوەی کورد بە بەردەوامی شانازی بە مێژووی خەباتی خۆی لە بەرانبەر ستەمی سیستمی بەرژەوەندیخوازی تاراندا بکات.

قین هەڵگرتن و دوژمنایەتیی سیستماتیک ئەمڕۆکە لە جوگرافیای ئێراندا و لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش بە نیسبەت تاک بە تاکی کوردستانیان بەدی دەکرێت. کەسانی بەناو ڕۆشنبیر و جیابیر و ئۆپۆزسیۆنێک کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، بانگەوازی دژایەتی لەگەڵ ڕێژیم دەکەن، بەداخەوە زۆرتر لە بواری زەینییەوە کەوتوونەتە ژێر سێبەری ئۆستوورە فاشیستیی و تاک نەتەوەییەکان کە ناتوانن یان نایانهەوێ لە چنگی ئەم زەینییەت و ئۆستوورە ڕزگاریان بێت.

زۆرینەیان بەداخەوە وەکوو دوو ڕێژیمی تاران سەبارەت بە پرسی نەتەوەکانی ئێران بیر دەکەنەوە و هیچ بەدوور نییە ئەگەر ڕۆژێک جڵەوی هێز بەدەستەوە بگرن ئەوانیش هەر ئەو کردەوەیە بەرانبەر بە نەتەوەی کورد دووپات نەکەنەوە کە ڕێژیمی پاوانخوازی پەهلەوی و ڕێژیمی خوێنمژی ئاخوندی بەرانبەر بە کورد کردوویانە. ئەم دوگماتیزمە لە ئەندێشەدا بووەتە هۆی ئەوەیکە ئەوان خواستەکانی نەتەوەی کورد قەبووڵ نەکەن و لەم ڕوانگەیەوە لە دەرکی گوتار و شرۆڤەی سیاسیی حیزبەکان و کەسانی ئازادیخواز و مافخوازی کورد دۆشدامێنن. هەستەکانی بیستن و بینینی ئەم کەسانە بە ئاقارێکی دیکەدا دەچێت و ئەوەی ئەوان ئەیانهەوێ بەدەستییەوە بگرن هێز و ئیمتیازی سیاسی و ئابووری لە تارانە، نەک گۆڕانێکی بنەڕەتیی سیاسی لەم جوگرافیا ناتەبا و ڕەنگاوڕەنگە.

ئەمە بووەتە هۆی ئەوەیکە میدیا کوردییەکان و کەسانی ڕۆشنبیر و خەباتکارانی کورد، کاتێک و تێچوویەکی زیاتر بۆ تێگەیاندنی خەڵک لە خواستەکانی خۆیان تەرخان بکەن.

ڕەنگە ئەگەر ئەم کەسانە و ئەم بزووتنەوە غەیرەکوردانە بەم زەینییەتەوە سەبارەت بە کورد بیریان نەکردابایەتەوە، هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتای شۆڕشەوە نەتەوەکانی ئێران لەگەڵ نەتەوەی کورد و لە سەرووی هەموانەوە لەگەڵ حیزبی دێموکرات پێوەندییان دروست کردبایە و بە ڕەتکردنەوەی ڕێفراندۆم و گشتپرسیی فۆرمالیتە و ناڕوونی ڕێژیمی ئاخوندی، «نا»یەکی گەورەیان بەم ساختارە پڕاوپڕ لە پارادۆکس و گەندەڵییە بدایەتەوە و بەستێنی خوڵقانیان بۆ دروست نەکردبایە. بەڵام مخابن ئەو ڕۆژانە تێپەڕیون و نەتەوەکانی ئێران لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا نرخێکی قورسیان بە گیان و ماڵی خۆیان بۆ ئەم هەڵەیە و شێوازی بیرکردنەوەی ڕێبەرانی ئەوکاتی خۆیان داوە.

لە کوردستاندا زۆربوونی حیزبەکان و بزووتنەوە سیاسییەکان بەستێنێکی دروست کردووە کە بوغز و ئێرەیی بەنیسبەت حیزب و ڕێبەرەکان ببێتە هۆی یەکگرتوویی لە نێوان خەباتکارانی کورددا. بەم پێیە ڕێژیمی دڕندە و تەیاری خومەینی بە فەرمانی جەهاد، فەرمانی کوشتن و ژینۆسایدی نەتەوەی کوردی دا کە تەنیا خوازیاری مافی ئینسانی و سەرەتایی خۆیان بوون. شەهید عەبدولڕەحمان قاسملوو، کە تێگەیشتنێکی قووڵ و گشتیی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و ناوچەیی هەبوو هەوڵی دا بە هەر شێوەیەک کە دەلوێ پێش بە ڕووداونی هەرجۆرە قەیرانێکی مرۆیی بگرێت.

دوکتور قاسملوو کە مەترسیی دانیشتن لە سەر مێزی وتووێژ لەگەڵ دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ڕێژیمی بە گیان قەبووڵ کرد تا لانیکەم لە بڕگەیەک لە مێژوودا جینایەتەکانی ڕێژیم لە کوردستاندا بە کەمترین ئاست بگەیێنێت و نەتەوەی کورد بە لانیکەمی مافی خۆی بگەیێنێت بەڵام ڕێژیم بە تێرۆری دیسانەوە سەلماندی کە گۆڕانێک بەسەریدا نایەت و تێرۆر و مرۆڤکوژی بەشێوەی سیستماتیک و بەرنامەبۆداڕێژراو لە تاراندا سازماندێهی دەکرێت.

تێرۆر و کوشتارەکانی ڕابردوو و لەسێدارەدانە ڕۆژانەکان و زیندانی کردن و ئاوارەبوونی خەڵکانی ئێران تا ئەم دوایییانەش هەر درێژەی هەبووە و درێژەشی هەیە. مێژووی ٤٠ ساڵی ڕابردوو سەلماندوویەتی کە دەوڵەتە ڕۆژاواییەکان بەپێچەوانەی پڕوپاگەندە مافی مرۆییەکانیان زیاتر قازانجی سیاسی و ئابووریی خۆیان لەبەرچاو دەگرن. ڕوونە کە هیواداربوون بە دەوڵەتە ڕۆژاواییەکان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی ئاخوندی هیوایەکی خاوە و لە بێ کرداری و ترس لە دڕندەبوونی ڕێژیمی تێرۆریستی تارانەوە سەرچاوەی گرتووە.

کوردستان بە هەموو هێزەوە تاکوو ئێستا لە بەرانبەر ئەم ڕێژیمە جینایەتکارەدا ڕاوەستاوە و شەو و ڕۆژێک نییە کە لاوانی ئەم نەتەوەیە دەسبەسەر، ئەشکەنجە و ئێعدام نەکرێن. دۆخی ژیان لە کوردستان بەنیسبەت شوێنەکانی دیکەی ئێران ئێجگار خراپترە.

بێکاری و گرانی زۆر زیاترە. فەرماندەران و هێزە گەندەڵکارەکانی ڕێژیم لە کوردستاندا بە حەزی خۆیان دەجووڵێنەوە بەڵام نەتەوەی کورد نەوەستاوە و تێچووی گەیشتن بە ئازادیش لە هەر کات و ساتێکدا دەدات.

پاش ساڵانێک کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشێک لە خەباتی مەیدانیی خۆی بەبۆنەی بەرژەوەندیی ناوچەییەوە خستە حاڵەتی هەڵپەساردنەوە، ڕێژیم باشترین دەرفەتی لە بەر دەست بوو تاکوو پرسی کورد بە شێوەیەکی شارستانیانە و سیاسی چارەسەر بکات.

بەڵام ڕێژیمی خووگرتوو بە جینایەت، هیچکات ئەمەی نەکرد و لە وڵاتانی هاوسێدا دەستی دایە تێرۆر و شەهیدکردنی پێشمەرگەکانی حیزب. لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بێکاری و هەژاریی پەرە پێدا و تا جێگایەک کە توانیی کوردستانی کردە شوێنی ترانزیت و کڕین و فرۆشتنی ماددەی هۆشبەر بە وڵاتانی هاوسێ.

ڕێژیم لە شارە کوردنشینەکاندا بۆ پەردان بە بیری چەقبەستوو و ئیدئۆلۆژیکی خۆی تێچوویەکی زۆری خەرج کرد. سەرچاوە سرووشتییە زەوینی و ژێرزەوینییەکانی بەتاڵان برد.

ڕێژیم دێمۆگرافیای ناوچەکەی تا ڕادەیەک کە بۆی دەلوا تێک دا و ... . بەم وەسفانەوە نەتەوەی کورد و کۆمەڵگای کوردستانی مافی ئەوەی هەبوو کە داوا لە ڕێبەرانی بەرحەقی خۆی بکات تاکوو بۆ زێدەخوازییەکانی ڕێژیم سنوورێک دابنێن. پێویست بوو تاکوو نەوەی نوێ و لاوانی نەتەوەی کورد لەگەڵ بایەخە نەتەوەییەکانی خۆیان زیاتر ئاشنا ببنەوە. خەڵکی کوردستان جارێکی دیکە هاتنە ڕیزی یەکەمی خەبات لەگەڵ ڕێژیمێك، بەپێچەوانەی ئەوەی کە ئیدعا دەکات لە ئوسوول و بنەمای ئیسلامیی نابی محەممەدی سەرچاوەی گرتووە، پێبەند بە هیچکام لەم ئوسوولە ئینسانی و دینی و ئەخلاقییانە نییە.

ڕێژیم لە کردەوەدا تەنیا یەک نەتەوە و یەک مەزهەب بە فەرمی دەناسێت و بۆ پەرەدان بەم مەزهەبە لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵات هەم تێچووی ماڵی و هەم تێچووی گیانیی زۆری داوە. بەڵام بە تێپەڕینی کات ڕوون بوویەوە کە ئەوەی ڕێژیم وەکوو مەزهەب ناوی لێ دەبات، ئیدئۆلۆژیی دەستکردی ئاخوندەکانی تاران بۆ مانەوە لە دەسەڵاتە کە لەگەڵ بنەمای مەزهەبی شیعە جیاوازییەکی زۆر زۆری هەیە.

لە ڕۆژانی سەرەتای دەسپێکی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا، لاوانی کورد بە حەزێکی زۆرەوە بەدواداچوونی هەواڵ و زانیارییە جۆراوجۆرەکانیان سەبارەت بەم پرسە دەکرد. کوردستان جارێکی دیکە ناچار بوو کە پێشەنگ بێت و بەدڵنیاییەوە ئەم پێشەنگ بوونە تێچووی زۆریشی بەدواوە بوو.

زۆرێک لە سیاسەتوانان و ئۆپۆزسیۆن و بەناو ڕۆشنبیرانی غەیرە کورد لەم خوێندنەوە نوێیەی حیزب تووشی سەرسووڕمان بوون. هەندێک دەستیان دایە دژایەتی لەگەڵ ڕاسان و هاوتەریببوون لەگەڵ ڕێژیم. هەندێک بێدەنگ بوون و هەندێکیش بۆ ڕەخنەگرتن لەم گوتار و خوێندنەوەیە بابەتگەلێکیان ورووژاند.

ئەگەرچی لایەنگەلێکیش پیرۆزبایییان کرد و بەرگریان لەم جوولەیە کرد بەڵام ڕێژەیان کەم بوو و میدیایەکی هەمەگیریان نەبوو یان ئەگەریش هەبوو کەمتر سەرنجیان دایە لایەنە جیاوازەکانی و لە ئاستێکی دیاریکراو و کەم و خێرا لێی تێپەڕبوون. لە نێوان حیزبەکان و کەسەکان و لایەنە کوردستانییەکاندا دۆخەکە زۆر باش نەبوو.

زۆرتر تاکەکان ڕەخنەیان لە ڕاسان دەگرت و نەیاندەتوانی لێی تێبگەن.

هەر دوو لایەنی ئێرانی و کوردستانی لە پێگە و جێگەی جەماوەریی حیزب یان بێئاگابوون یان لە سەر ئەو بڕوایە بوون کە لە دۆخێکدا کە ئێران و ئامریکا لە باڵاترین و پتەوترین ئاستی پێوەندیدان و وڵاتانی ئورووپایی لە ژێر ئاڵای بەرجامدا لەگەڵ تاران لە پێوەندیدان، حیزبی دێموکرات تووشی هەڵەی شرۆڤە و لێکدانەوە بووە!!!!!!

لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەگەر حیزب پێگەیەکی جەماوەریی بەهێزی هەبێت بێشک دەتوانێ تا ئاستێک سەرکەوتوو بێت کە ئەمەش ئێرەیی حیزبە کوردستانییەکان و ترسی لایەنە ئێرانییەکانی بەدواوە بوو.

لە لایەکی دیکەوە ئەگەر حیزب پێگەی جەماوەریی لاوازی هەبێت، ئەمە وەکوو خۆکوژییە و ڕەنگە ئەوان بۆ وەدەرنانی ئەم ڕەقیبە لەمێژینە و ئەم خەباتکارە نەسرەوتووە (حدکا) خۆشحاڵیش بن.

ڕوونە کە ئەوان نەیاندەتوانی لە چەند فاکت تێبگەن:

١. سەربەخۆیی بڕیاردان لە حیزبی دێموکراتدا

٢. ڕادەی پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لە ڕاسان و پێگەی جەماوەریی حیزب لە کوردستان

٣. شرۆڤە و ڕوانینی ورد و دروستی ڕێبەریی حیزب لە دۆخی جیهان، ناوچە و ئێران

٤. ئیرادە و بڕوای پۆڵایینی پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکانی حیزب بۆ درێژەدان بە ڕێگای شەهیدان و بەدیهێنانی خواستەکانی نەتەوەی کورد

٥. سست بوونی هێزی ڕێژیم و تێگەیشتنی دروستی ڕێبەرایەتیی حیزب لە ڕێژەی گەندەڵی و لەنێوچوونی ڕۆژانە لە نێوان هێزەکانی ڕێژیم و چەندین هۆکاری دیکە.

ڕەنگە ئەمە شانس یان چارەنووسی حیزبی دێموکرات بوو کە دەبا وەکوو «نا»وتن بە ڕێفراندۆمی سەرەتاکانی شۆڕش، ئەمجارەش بە دەنگێکی بەرز و بەدوور لە هەرچەشنە ناڕوونی و پارادۆکس و جیاوازییەک، ئاڵاهەڵگری ڕەوتی نوێی خەبات بەدژی ڕێژیمێکی گەندەڵ بەڵام دڕندە بێت.

ڕەنگە ئەمە دووپاتبوونەوەی مێژووی بەرچاوتەنگی و ئێرەیی لایەنە جیاوازەکان و شەپۆلسواری بێت کە لەکۆتاییدا بە زیانی خودی ئەوان و یەکگرتوویی خەبات دژی ڕێژیم تەواو دەبوو و بەشێک لەم خەسارەش داوێنی حیزبی دێموکراتی دەگرتەوە. تەنانەت میدیاکانی دەرەوەی ئێران لە ڕووماڵی ڕاسان خۆیان دەبوارد و ئێستاش خۆدەبوێرن. ڕێژیمی پیس و ڕێوی سفەتی خامنەیی کە تێگەیشتنێکی قووڵی لە حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورد هەبوو دەستی بە شەڕی نیزامی و شەڕی ڕەوانی لەگەڵ ڕاسان کرد.

ڕێژیم بە هەڵواسینی بیلبۆردگەلێک لە تاران و جێگاکانی دیکەدا هەوڵی دا تاکوو ڕێبەر و کەسی یەکەمی حیزب بە تاوانباری سەرەکی لە هەموو ئەو ڕووداوانەدا کە ڕوویان دا بناسێنێ. مووشەکباران، پیلانە نهێنی و ئاشکراکان بۆ تێرۆر، تۆپباران کردنی بەردەوامی مەقەڕەکانی حیزب بە گازی ژەهراوی و مەترسیدار، هەڵسوکەوتی توند لەگەڵ چالاکانی ئەنجومەنە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان و دەسبەسەرکردن و تێرۆری پارێزەرانی ژینگە تەنیا بەشێک لەم جینایەتە بەردەوامانەی ڕێژیم بوون کە دەتوانین بڵێین نەتەوەی کورد بەهۆی خەباتی خۆی بەوپەڕی شەرەف و گەورەییەوە خەریکی بووە و هیچ چاوەڕوانییەکی لە کەسێک نەبووە و یەک هەنگاویش لە بەرانبەر ڕێژیمدا پاشەکشەی نەکردووە.

ئەمڕۆ چەند ساڵ بە سەر خاڵی دەسپێکی ڕاساندا تێپەڕیوە بە ویژدانێکی بەخەبەر و دوور لە هەرچەشنە دەمارگرژی و دوگماتیزم و چەقبەستوویەکی بیری دەتوانرێ بەراورد بکرێ ئایا حیزبی دێموکرات و ڕێبەرییەکەی بۆ ئاشکراکردن و بزاوتنی ئەندامانی خەباتی کۆمەڵگای کوردستان دژی ڕێژیم بەرحەق بووە یان نا؟ پاش زیاتر لە چوار ساڵ و گیانفیدایی و شەهیدبوونی پێشمەرگەکانی حیزب و کەم لوتفیی حیزبە کورد و ئێرانییەکان دەردەکەوێ کە حیزب لە شرۆڤە و لێکدانەوەی موحاسباتی بۆ خەبات هەڵەی نەکردووە.

ڕێژیم لە کاتی ڕاگەیاندنی ڕاساندا بەهۆی بەرجام و هەڵوێستی دیپلۆماتە ڕۆژاواییەکان لە ئاستی ئیدەئاڵی نێونەتەوەییدا بوو.

نرخی ئەرز لە نێوان سە تا سە هەزار و پێنسەد تمەندا بوو و ... . بەڵام ئەمڕۆ دەبینین کە ڕێژیم لە نزمترین ئاستی پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندایە.

ڕێژیم دوورەپەرێز بووە و تەنانەت توانایی فرۆشتنی نەوتی خۆی بە هەرزانترین نرخ نییە.

نرخی ئەرز لە کاتی نووسینی ئەم بابەتەدا ٢٧٠٠٠ تمەنە و هیچ متمانەیەک نییە کە تا کاتی چاپی بابەتەکە زیاتریش نەبێتەوە.

بێکاری، هەژاری و گەندەڵیی هەوسارپچڕاو ئێرانی داگرتووە.

کوردستانییەکان بۆ نانی ڕۆژانەیان ناچارن کۆڵبەری بکەن یان بە دەیان کیلۆمێتر ڕێگای زەوینی بپێون.

گرانی و هەڵاوسان ئاسایشی مێشکی تاک بە تاکی ئێرانی لەناو بردووە و ڕێژیم دەستی داوەتە چاپی پارە بە بێ هیچ پشتیوانێک.

ڕێژیم نەتەنیا توانایی داخستنی کەنداوی نییە بەڵکوو هێرشەکان بۆ سەر هێزەکان و مەقەڕەکانی خۆی لە سووریە، لوبنان، یەمەن و عێراقیش لەبەرچاو ناگرێ. لە بەرانبەر کوژرانی قاسم سلێمانیدا جگە لە قسەی بێ سوود بە کردەوە هیچی نەکردووە و ناتوانێ کارێک بکات.

ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جارێکی دیکە سەلماندی کە بە ڕوانینێکی کراوە و بەدوور لە خەیاڵ و دەمارگرژییەوە پرسە سیاسییەکان شرۆڤە دەکات و بە سەربەخۆیی تەواوەوە، دەست دەبات بۆ کردەوە و بڕیار دەدات.

پێشمەرگەکانی حیزب سەلماندیان کە پێبەندن بە ئامانجە ئازادیخوازانە و دادپەروەرانەکان و بۆ دەستپێڕاگەیشتن بەم نرخە باڵایە بە گەورەیی تەواوەوە گیانفیدایی دەکەن.

ئەگەرچی لە وتندا، حیزبە کوردستانییەکان ڕەنگە نکۆڵی لە وتنی بکەن بەڵام ڕوونە کە بەستێنێک کە حیزب لەم چەند ساڵەدا بە هۆی ڕاسانەوە دروستی کرد، بووەتە هۆی یەکدەنگیی زیاتری ئەم حیزبانە لەگەڵ یەکتر.

ئەمڕۆ لانیکەم هەموو حیزبەکان و کۆمەڵگای کوردستان لە ڕاسانی جەماوەریدا بە دژی ڕێژیم بەشدارن. حیزبی دێموکرات دینامیزمی بنەڕەتیی ئەم بزووتنەوەیە بووە و هەیە. ئەگەرچی لایەنە ئێرانییەکان هێشتا لە پۆتانسیێلەکانی حیزبی دێموکرات و کوردستان خۆیان بەدوور دەگرن و بە ڕق و گومان و ڕەنگە بوغزیشەوە چاو لەم بزووتنەوەیە بکەن بەڵام دیسان نابێ ئەوە لەبەرچاو نەگیرێ کە ڕەوتی خێرای گۆڕانکارییە ناوچەیی و جیهانی و ناوخۆییەکان ئەوانیش ناچار دەکات تاکوو لە ڕێبازی درووستدا هەنگاو هەڵبگرن.

ئەمڕۆ تەنانەت ئەگەر حیزبی دێموکرات بیهەوێ ڕاسان هەڵپەسێرێ، ئیدی بیروڕای گشتیی کوردستان و ڕەوتی خێرای گۆڕانکاری و هاوکێشە جیهانی و ناوچەییەکان لەگەڵ نابن.

حکوومەتی ئێران ماوەیەکی زۆرە کەوتووەتە سەر ڕێبازی ڕۆچوون و نەمان و سۆشیاڵ میدیا بەستێنی ڕاماڵینی پیرۆزییەکەی بەهۆی گەندەڵیی بەردەوامی هێزە حکوومەتییەکان دابین کردووە.

هەر ڕۆژ بە جۆرێک و هەرجار بە هۆکارێک ئاگایی خەڵک زیاتر و زیاتر دەبێتەوە و ڕیزی پشتیوانانی حکوومەت خاڵی و بێ ئیرادەتر دەبێتەوە.

جێگای خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە وتەیەکی بەڕێز مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزب پاش خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٩٦ بکەم کە وتیان: «خەڵک ڕێگای خۆیان دۆزیوەتەوە و ئەم خۆپیشاندان و خەباتە دەبێتە هۆی ئەوەیکە خەڵک ڕێبەرانی خۆیان لە قووڵایی ئەم خۆپیشاندانەدا دیاری بکەن».

ئەمڕۆ دەبینین هەروا کە لە کوردستاندا ڕاسان بوو بە هۆی ئەوەیکە خەڵک لەگەڵ سیمبۆل و ئوستوورەکانی خۆیان ئاشنا ببنەوە و لە جل و درووشم و ناخدا لەگەڵیان خۆبگونجێنن و لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو هێمایانەوە هاوبەشی و یەکگرتوویی لە نێوان توێژ و چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا پەرە پێبدەن، لە شارەکانی دیکەی ئێرانیشدا زیندانی کردن و ئێعدام و ئەشکەنجە نەبووەتە هۆی پاشگەزبوونەوەی خەڵک؛ بەڵکوو تاک بە تاکی ئەم شەهیدانە و ئازادیخوازان و مافخوازان بوونەتە ئوستوورە و ڕەمزێک بۆ خەبات و یەکگرتوویی.

ئێمەی نەتەوەی کورد و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات شانازی بە بڕیاری حەکیمانە و بەجێی ڕێبەرایەتیی حیزبەکەمان لە چەند ساڵی ڕابردوودا دەکەین و سەرفرازین کە پێشەنگی ئەم خەباتە نوێیە تا ڕووخانی تەواوی ڕێژیمی مرۆڤکوژی ئاخوندین. لە کۆتاییدا، هیوادارم ڕەوتە سیاسییەکان بە چاوی کراوە و بینا و دووربینیی زیاترەوە پەیوەست بە ڕیزی خەباتەوە بن تاکوو بەستێنی ژیان لە وڵاتێکی ئازاد و بەدوور لە هەڵاواردن بۆ خۆمان و نەوەی داهاتوو دابین بکەین.

# ئەو وانە گەورانە چین کە شەرەفکەندی دەبێت فێرمان بکات

کەیهان یووسفی

مێژوو گۆڕەپانی ڕۆڵگێڕی پیاو و ژنە مەزنەکان بووە.

ژیان و هەڵسووکەوتی ئەوان پڕن لە وانە بۆ فێرکردنی نەوەی داهاتوو بە مەبەستی بنیاتنانی ژیان و کۆمەڵگەیەکی باشتر.

ڕێبەر و قارەمانەکان چییان هەیە فێری ئێمەی بکەن و بەتایبەتی خوێندنەوەی ژیانی شەهیدی نەمر سادقی شەرەفکەندی، ڕێبەری ڕۆژە سەخت و دژوارەکانی بزووتنەوەی کوردستان و حیزبی دێموکرات، چیمان فێر دەکات؟

سەرەتاییترین شت کە ڕێبەر و کەسایەتییە سیاسییەکان سەرنجی ئێمە بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن ڕەنگە چۆنیەتی جل پۆشینیان بێت.

جۆرج واشنگتۆن تەنیا کاتێ یونیفۆرمی فەرمی لە بەر دەکرد کە کۆمار لە مەترسیدا بوایەت و بەم چەشنە بە شوێنکەوتووان و خەڵکەکەی دەفاماند کە ئەو توانایی و ئیرادەی بەرگری کردن لەوانی هەیە.

کەواوپانتۆڵە خاکی و سادەکەی شەرەفکەندی کە میراتی ڕێبەری مەزن قاسملوو بۆ ئەو بوو و لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و ڕێوڕەسمە فەرمییەکاندا بەو ڕۆخسارەوە دەردەکەوت، لە زانستی ڕێبەری و کارگێڕیدا خاوەنی بەهایەکی بەنرخە!

سیمای پێشمەرگە، واتە لەخۆبردوویی و گیانبەخشین لە پێناو خەڵك و خاك و ئازادیدا،پێشمەرگە قارەمانی چیرۆکی ئازادیخوازی کوردستانە، پێشمەرگە، واتە ئیرادەیەکی نەبزێو و نەگیراو.

شەرەفکەندی و جلە خاکییەکەی لە نێو کۆڕی پێشمەرگەدا، ئەوی دەکرد بە یەك لە ئەوان و هێمایەك کە دەتوانێت ڕێبەرێکی بەتوانا بێت کە پێشمەرگانە توانایی بەرگریکردن و دەستنیشانکردنی ڕێگای بۆیان هەیە.

شەرەفکەندی جەنگاوەرێکی سەربازی یان فەرماندەیەکی سەربازی نەبوو.

خۆی و جێگاکەی باش دەناسی.

ڕێبەرە گەورەکان ئەو کەسانەن کە جێگە و پێگەی خۆیان دەزانن، کە ئەسڵ و فەرع لە یەکتر جیا دەکەنەوە و ئەو شتەی کە پسپۆڕییان لێی نییە جێی دەهێڵن بۆ خاوەنی خۆی.

لە ڕۆژئاوای دێموکراتیکدا، ڕێبەر و کەسایەتییە سیاسییەکان لە ڕێگەی دەنگدان و لە نێوان خەڵکی سڤیلدا هەڵدەبژێردرێن کە یاسا ئەو مافەیان پێ دەدا تا فەرمانی شەڕ یان ئاشتی ڕابگەیەنن بەڵام ئەوان خۆیان لە کاروبار و وردەکاری سەربازی نادەن.

شەرەفکەندی و قاسملوو لە ڕەگەزی ڕێبەرە دێموکراتیکە ڕۆژئاواییەکان بوون.

نموونەیەکی بچووك لە ئەزموونێکی وەها، شەڕی ساڵی ١٩٥٦ی کەناڵی سوئێزی بریتانیا و فەرانسە دژی وڵاتی میسر بوو.

سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتی بریتانیا سێر ئانتۆنی ئیدێن، کە کەسایەتییەکی لایەنگری ئاشتی بوو تاکوو شەڕ، خۆی لە کاروباری فەرماندە سەربازییەکانی هێزی ئاسمانی پاشایەتی بریتانیا بەر دەدا و تەنانەت پێیان دەڵێت لە چ بۆمبێك کەڵك وەردەگرن.

ئەمەش دەرکەوتەی خراپی بۆ بریتانیا لە گۆڕەپانی شەڕدا لێ دەکەوێتەوە.

گەورەی وانەی زانستی ڕێبەری لە پۆلێنبەندی ڕێبەرەکاندا نرخێکی وەها بۆ ئەم کارەی ئیدێن دانانێت و وەکوو خاڵێکی لاواز و جێی ڕەخنە باسی دەکات.

شەرەفکەندی پیاوی ڕێکخستن و سیاسەت بوو. ئەو کاروباری سەربازی بە فەرماندە سەربازییەکان سپاردبوو، ئەوەی دەکرد کە دەیزانی ئەنجامدانی لە توانایدایە.

وانەی ئەو ڕۆژانە پێمان دەڵێت کە دوای کۆسپی گەورەی شەهیدبوونی د. قاسملوو و پێش لەوەش دابڕانی بەشێکی زۆر لە کادر و فەرماندەی شەڕ لە حیزب، هێزی شەڕکەری حیزب هێشتا هەر کاریگەر و گەورەترین ترسیان لە دڵی پاسدار و ڕێژیمی ئاخوندی خستبوو.

ئەو ئازادی لە کاروباری سەربازیدا بە فەرماندە سەربازییەکان دابوو و ئەو دەسەڵات و هەیبەتەی لێیان نەستاندبوو.

پائۆل جانسۆن گەورە نووسەری ئەمریکی لە وتارێکدا لە ژێرناوی «هیرۆکان: پیاوە گەورە سیاسییەکان چ شتێك دەبێت فێری ئێمە بکەن؟» چەندین فاکتەر و پارامێتر بۆ ڕێبەر و کەسایەتییەکی گەورەی سیاسی دەستنیشان دەکات کە لێرەدا ئێمەش لە ڕێگەی تێڕوانینی ئەوەوە کەسایەتی ڕێبەریی د. شەرەفکەندی پێ هەڵدەسەنگێنین.

ئایدیا و باوەڕەکان، یەکێك لەو پێوەرانەن. باشترین ڕێبەرە دێموکراتیکەکان ڕەنگە سێ یان چوار تایبەتمەندییان هەبێت کە ئەوان هان بدات کە لە هەر هەلومەرجێکدا نەبنە قوربانی.

ئەو ڕێبەرانەی بۆچوونیان لەسەر هەموو شتێك هەیە وەك وانەیەکی مێژوویی جێی تێڕامان نین.

جیاکردنەوەی ئەسڵ و فەرع لە نێوان ئەو شتەی کە ڕوودەدات و ئەو شتەی باشە و دەبێت ڕوو بدات وەکوو فەزیلەتێکی ڕێبەری ئاماژەی پێکراوە. شەرەفکەندی باوەڕی تەواوی بە چەند شت هەبوو: خەبات، گشتگیرکردن و بەشداری هەمووان، پەروەردەی کوردی لە بنەماڵەوە تا نێو شۆڕش، ڕێزگرتن لە دیسیپلین و ڕێسای ڕێکخراوەیی و مافی خەڵکی کورد و کۆڵنەدان و تەسلیم نەبوون.

باوەڕەکانی و ئیدەکانی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان ئەوی کردبووە ئەو کەسەی کە ئەمڕۆ نەسڵی ئێمە دەبێت لێی بکۆڵێتەوە و لێی فێر بێت.

ئیرادە، فاکتەر و پێوەرێکی بەهێز و گرنگی کەسایەتی و ڕێبەرێکی سیاسییە بۆ چۆنیەتی ژیان کردن لە نێو کۆمەڵدایە.

کەسێکی سیاسی ئەگەر خاوەنی هەموو تایبەتمەندییەکانی دیکە و خەرمانێکی گەورەی زانیاریش بێت، کە ئیرادەی نەبوو یانێ هیچ.

هەموو ڕێبەرێك خاوەنی ئیرادەیە و بۆ ئەوەی زاڵ بن بە سەر ڕووداوەکاندا بە لۆژیك و هۆکار ئیرادەیان بە کار دێنن.

ڕێژەی ئیرادەی ڕێبەرەکان بە بەراورد لەگەڵ ئەوانی تر جیاوازی زۆرە.

ئەو شتەی ئەوان بەدی دەکەن، خەڵکی تر نایبینن و هەر بۆیە پاشەکشەی ئەوان لە خواستەکانیان زۆر ئەستەمە.

بۆ ڕێبەرێك تەنیا بوونی ئیرادە کافی نییە.

ئیرادە بە شێوەیەکی ئۆرگانیك پەیوەستە بە دەرکەوتە یان وەدیهاتنی ئامانجەوە.

ئەوەی ئیرادە دەکاتە فاکتەرێکی کاریگەر و بەهێز بۆ ڕێبەرێك، پێداگری( pertinacity ) یە.

ئیرادەیەکی بەهێز و پێداگربوون بۆ گەیشتن بە ئامانج ڕێبەر دەکاتە کەسایەتییەکی جیاواز.

شەرەفکەندی کۆڵەکەی ئیرادە و پێداگرێکی بێ وێنە بوو.

کۆتایی شەڕی ئێران و عێراق، بێ قاسملوویی و ڕزگاری باشوور و گوشاری ئێران لە ڕێگەی پارتەکانی باشوورەوە بۆ سەر حیزب و شەرەفکەندی بە مەبەستی ڕاگرتنی شەڕ باس لە ئیرادە و شکۆی شەرەفکەندیمان بۆ دەکەن.

ئەو لە وەڵامدا وتی ئێمە ئەوەی نایناسین، دانانی چەکەکانمان لە بەرانبەر هێزی پاسدار و ڕێژیمی ئاخوندییە.

ئیرادەیەکی پێداگر دەتوانێت هۆکار بێت بۆ هەر تێچوویەك و ڕیسکێکی گەورەی بە دوای خۆیدا بێت.

ئەمە تایبەتمەندی ڕۆژگارێکی ڕەش و پڕ مەترسییە کە دەبێتە تاقیگای دەرکەوتنی ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو. شەرەفکەندی دەیتوانی ئەوەی کردی نەیکات تا دەزگای تیرۆری ڕێژیم لە دڵی ئۆرووپای هێمای دێموکراتیك بووندا تیرۆری نەکەن بەڵام ئەو پێداگرانە ئەنجامی دا و تەنانەت مەرگیشی بوو بە پەڵەیەکی ڕەش بە ناوچاوانی ڕێژیمی تاران و سەرشۆڕییەکی گەورەی نێونەتەوەیی بۆیان.

توانایی بۆ چێکردنی پێوەندی، فاکتەرێکی سەرەکی بۆ ڕێبەر یان سیاسییەکی گەورەیە.

وتاردان ڕەنگە پێوەرێکی بەهێز بێت بۆ ڕێبەر تاکوو پێوەندی لەگەڵ بەردەنگ دروست بکات.

بەڵام هەمیشە وتاردان تەنیا فاکت نییە.

پائۆل جانسۆن لەبارەی جۆرج واشینگتۆنەوە دەڵێت کە ئەو لە ڕێگەی کەسایەتی و کردەوەی خۆیەوەی پردی پێوەندی دروست دەکرد.

کەسێك بوو لێهاتوو، دەست پاك کە گەندەڵی لێ بە دوور بوو و هەر ئەمەش وایکردبوو کە پێوەندییەکی بەهێز لەگەڵ خەڵك دروست بکات.

شەرەفکەندی ئاکادێمییەکی ئاست بەرز و مامۆستایەکی پلەبەرزی زانکۆ بوو. وتاربێژێکی باش بوو و لە هەمانحاڵێشدا خاوەنی کەسایەتییەکی بەرز و پاك و بێگەرد.

کۆرسی زانکۆ و بنەماڵە و منداڵی بە جێ هێشتبوو و شاخ و خەباتی هەڵبژاردبوو.

لایەنگرێکی قورسی پڕەنسیپی حیزبی و ڕێکخراوەیی بوو.


قوتابییەکی بەئەمەگی قاسملوو و لە هەمانحاڵدا ڕەخنەگرێکی بە لۆژیکی قاسملوو لە کۆڕوکۆبوونەوە حیزبییەکان و لەمەڕ پرسە حیزبییەکان بوو.

تاقە بژاردەی قاسملوو بۆ جێگیرەوەی خۆی بوو و شەرعیەتێکی تەواوی لە نێو کادر و ئەندامان هەبوو، ئەمەش نە لە ڕێگەی وتاردان بەڵکوو کەسایەتی و پاکی و سادقبوونی پێی بەخشی بوو.

یەکێکی دیکە لەو فاکتەرانە کە پێناسەکردنی زۆر دژوارە و ناکرێت پێناسەی بکەیت بەڵام دەتوانی درك و هەستی پێ بکەیت، گەورەیی ڕۆح greatness of soul ە.

ئێمە نە تەنیا ڕێز لە پێشەوا، قاسملوو و شەرەفکەندی دەگرین، بەڵکوو ناخودئاگا لە ڕادەبەدەر خۆشیانمان دەوێت.

ئەم خۆشهاتنە گرێدراوی گەورەیی ڕۆحی ئەوانە کە وەك پێوەرێك بۆ پێناسەی ڕێبەر و کەسایەتییە گەورەکان پائۆل جانسۆن باسی لێوە دەکات.



**بۆ ڕێبەرێک تەنیا بوونی ئیرادە کافی نییە. ئیرادە بە شێوەیەکی ئۆرگانیک پەیوەستە بە دەرکەوتە یان وەدیهاتنی ئامانجەوە. ئەوەی ئیرادە دەکاتە فاکتەرێکی کاریگەر و بەهێز بۆ ڕێبەرێک، پێداگری( pertinacity ) یە. ئیرادەیەکی بەهێز و پێداگربوون بۆ گەیشتن بە ئامانج ڕێبەر دەکاتە کەسایەتییەکی جیاواز. شەرەفکەندی کۆڵەکەی ئیرادە و پێداگرێکی بێ وێنە بوو**

**ئیرادەیەکی پێداگر دەتوانێت هۆکار بێت بۆ هەر تێچوویەک و ڕیسکێکی گەورەی بە دوای خۆیدا بێت. ئەمە تایبەتمەندی ڕۆژگارێکی ڕەش و پڕ مەترسییە کە دەبێتە تاقیگای دەرکەوتنی ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو. شەرەفکەندی دەیتوانی ئەوەی کردی نەیکات تا دەزگای تیرۆری ڕێژیم لە دڵی ئۆرووپای هێمای دێموکراتیک بووندا تیرۆری نەکەن بەڵام ئەو پێداگرانە ئەنجامی دا و تەنانەت مەرگیشی بوو بە پەڵەیەکی ڕەش بە ناوچاوانی ڕێژیمی تاران و سەرشۆڕییەکی گەورەی نێونەتەوەیی بۆیان**

**ئێمە نە تەنیا ڕێز لە پێشەوا، قاسملوو و شەرەفکەندی دەگرین، بەڵکوو ناخودئاگا لە ڕادەبەدەر خۆشیانمان دەوێت. ئەم خۆشهاتنە گرێدراوی گەورەیی ڕۆحی ئەوانە کە وەک پێوەرێک بۆ پێناسەی ڕێبەر و کەسایەتییە گەورەکان پائۆل جانسۆن باسی لێوە دەکات**

# مێکانیزمی پەلاپیتکە و کۆماری ئیسلامییەکی نیگەران



**شەماڵ تەرغیبی**

پاش ڕاگەیاندنی چالاک کردنەوەی مێکانیزمی پەلاپیتکە لەلایەن ئامریکاوە، یەکجێ نرخی دراوی ڕێژیمی تاران لەبەرامبەر دۆلار و بەبەراورد لەگەڵ نرخی یەک ڕۆژ پێشتری خۆی ٢/٥٪ داشکا. هاوکات لەگەڵ ئەم ڕێکۆردە مێژووییە بازاڕی بورسی تارانیش نیزیک بە ٣٪ داتەپی.

سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٣٠ی خەرمانان وەزیری دەرەوەی ئامریکا بە فەرمی ڕایگەیاند کە سەرجەم تەحریمە نێونەتەوەییەکان دژ بە کۆماری ئیسلامی کە بەهۆی بەرجامەوە هەڵپەسێردرابوون دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و لەسەر کۆماری ئیسلامی جێبەجێ دەکرێن.

بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە هەر وەک پێشبینی بۆ دەکرا بازاڕەکانی ئەرز و بورسی لە ئێراندا هەژاند؛ هەژانێک کە لە مێژووی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بێوێنە بووە و باس لە ڕێکۆردێکی مێژوویی نوێ لەمەڕ داڕوخان و داتەپینی دراوی ڕێژیم لەبەرامبەر ئەرزە جیهانییەکان دەکات.

((١ دۆلار = ٢٧٣٠٠ تمەن، ١ یۆرۆ = ٣٢١٥٠ تمەن))

ئەمە بەواتای ڕێکۆردێکی مێژوویی لە پرسی داتەپینی ئابووری بەئەژمار دێت؛ داتەپینێک کە هەرچەند بەرپرسانی ڕێژیم هەوڵ دەدەن بە وادە و بەڵێنی جۆراوجۆر و گرتنە بەری هەندێ ڕێکار، تێی پەڕێنن و بازارەکان هێور و ئارام بکەنەوە بەڵام ئەوەیکە تاکوو ئێستە ئەنجامیان داوە ئاکامی پێچەوانەی هەبووە.

بۆ نموونە سەرۆکی بانکی ناوەندیی ڕێژیم لە چەند حەوتووی ڕابردوودا بەردەوام بەڵێنی ئەوەی دابوو کە بە گرتنەبەری هەندێ سیاسەتی تایبەت، سەقامگرتوویی و ئارامی بۆ بازاڕی ئەرز دەگێڕنەوە و پێش بە داڕووخانی زیاتری ڕیاڵ دەگرن بەڵام لە کردەوەدا ئەم مێکانیزمانە هیچ دەرەنجامێکی پۆزەتیڤیان نەبووە و خستنەبازاڕی بەلێشاوی ئەرز لە بازاڕدا (وەک ناسر هێمەتی بەڵێنی دابوو) نەیتوانی دۆخەکە هێور بکاتەوە.

بە وتەی ناوبراو لە ١٥ ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٢٨٠ میلیارد دۆلار ئەرز ڕەوانەی بازاڕ کراوە واتە هەر ساڵ زیاتر لە ١٨ میلیارد و ٦٠٠ میلیۆن دۆلار ئەرز خراوەتە بازاڕەوە کە ئەمە خۆی نیشاندەری زیادبوونی ساڵانەی ڕێژەی هەڵاوسانە لە ئێراندا کە خۆبەخۆ دەبێتە هۆی چێبوونی گرفت و کێشەی جیددی بۆ دەوڵەت لەپێوەندی لەگەڵ کەمبوونەوەی بەردەوامی سەرچاوە ئەرزییەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران؛ بۆ نموونە سندووقی نێونەتەوەیی دراو پێشبینی کردووە کە ئەمساڵ (٢٠٢٠) ئێران لەگەڵ ١٩ میلیارد دۆلار کەمیی ئەرز بەرەوڕوو دەبێتەوە و ساڵی دواتریش ١٦ میلیاردی دیکە کەمیی دەهێنێ.

مەسەلەی سەرنجڕاکێش لەم نێوانەدا ئیدعا بێبنەماکانی سەرانی ڕێژیمە کە لە وەها دۆخێکی شپڕێودا بەردەوامن لە «بلف»لێدان!

حەسەن ڕوحانی گەورەدرۆزنی ڕێژیمی تاران لە دانیشتنی هەیئەتی دەوڵەت کە ٣٠ی خەرمانان بەڕێوە چوو سەبارەت بەم بارودۆخە وتی: «ئەمڕۆ ئامریکا شکستی خوارد!».

ناوبراو وتوویەتی: «ئێمە لە بەرامبەر ئامریکادا ڕادەوەستین و ئەگەر ئامریکاییەکان «قلدری» بکەن ئەوا وڵامێکی سەخت وەردەگرنەوە».

هەرچەند ڕوحانی باسی لەوە نەکردووە کە بە چ شێوازێک تۆڵە دەکەنەوە بەڵام بەپێی ناسیاوییەک کە لە کۆماری ئیسلامی هەیە وێدەچێ ئەوپەڕی توانای خۆی بخاتە گەڕ تاکوو سەرێشە بۆ ڕۆژاوا بەگشتی و ئامریکاییەکان بەتایبەتی ساز بکات.

بۆ نموونە حسەین شەریعەتمەداری نوێنەری تایبەتی خامنەیی لە «کەیهان» وتوویەتی: «ترامپ یەکێک دەبێ لە ئامانجە سەرەکییەکانی سپا و هەر کەسێک ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە کوشتنی قاسم سولەیمانیدا دەستی هەبووبێ تۆڵەی لێدەکرێتەوە؛ کە ئەم چەشنە لێدوانانە دەرخەری ئەوەیە کە ئەگەری هەیە ڕێژیم بەشێوەیەکی سیستماتیکتر لە ڕابردوو دەس ببات بۆ چەکی تێرۆر کە تێیدا شارەزایی باشی هەیە!»

لێرەدا یەک پرسیاری جەوهەری دێتە گۆڕێ کە ئایا کۆماری ئیسلامی ئامادەیە بەم چەکە بەرەوڕووی دنیای ڕۆژاوا و بەتایبەتی ئامریکا ببێتەوە یان ئەوەیکە دەوترێ تەنیا هەوڵێکە بۆ ڕازی کردنی کاتیی هێزە بێ‌ورەکانی؟

بە ئاوڕدانەوەیەکی کورت بەسەر ڕابردووی شەرمێونانەی ڕێژیمی تاران ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ کە ڕێژیم لە هەر پۆتانسییەلێک بۆ زەربەلێدان، تەنانەت ئەگەر بۆ ڕازی کردنی دڵی چەکدارەکانیشی بێ، کەڵک وەردەگرێ و بەو پێیەش ناکرێ ئەو گریمانەیە لەبەرچاو نەگرین کە ڕێژیم هەوڵی تۆڵەکردنەوە دەدات بەڵام کاتێ کە سەیری دۆخی ئابووری و هەروەها ڕەوایی ئەم ڕێژیمە لە ناوخۆ و دەرەوە دەکەین دەزانین کە بە کردەوە ئیمکانی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی گەورەی نەماوە کە بکرێ ناوی لێ بنرێ تۆڵە! کەواتە دەتوانین وەها دەرەنجامی لێوەربگرین کە ڕێژیم بەهۆی لاوازبوونی ئابوورییەکەی، کەمتربوونەوەی تواناییە ماڵییەکانی، کۆنبوونی کەرەستە و ئامرازەکانی بەردەستی بەتایبەت لە بواری سەربازی، نەمانی ڕەوایی و پێگەی جەماوەری لە نێو خەڵکانی نیشتەجێ لە ئێران و هەروەها لە ئاستی ناوچەییشدا و پێکهاتنی بەرە لەلایەن وڵاتانی ناوچەیی و باناوچەیی لە دژی تاران، بەکردەوە ناتوانێ بەرەوڕووی گوشارە نیونەتەوەییەکان ببێتەوە.

بەڵام نابێ ئەو گریمانەیە لە بیر بکەین کە وەک پێشتریش ئاماژەی پێکرا کۆماری ئیسلامی لە هەر دەرفەتێک بۆ زەربەلێدان لە دژبەرانی خۆی کەڵک وەردەگرێ ئەگەر تەنانەت زەربەیەکی بچووکیش بێ کە ڕەنگە لەم نێوانەدا لایەنە دژبەرەکانی نێو گۆڕەپانی خەبات بە دژی ڕێژیم لە سەرەتییەکانی ئەم ئامانجە بن.

> **ڕێژیم لە هەر پۆتانسییەلێک بۆ زەربەلێدان، تەنانەت ئەگەر بۆ ڕازی کردنی دڵی چەکدارەکانیشی بێ، کەڵک وەردەگرێ و بەو پێیەش ناکرێ ئەو گریمانەیە لەبەرچاو نەگرین کە ڕێژیم هەوڵی تۆڵەکردنەوە دەدات بەڵام کاتێ کە سەیری دۆخی ئابووری و هەروەها ڕەوایی ئەم ڕێژیمە لە ناوخۆ و دەرەوە دەکەین دەزانین کە بە کردەوە ئیمکانی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی گەورەی نەماوە کە بکرێ ناوی لێ بنرێ تۆڵە!**

> **سەرۆکی بانکی ناوەندیی ڕێژیم لە چەند حەوتووی ڕابردوودا بەردەوام بەڵێنی ئەوەی دابوو کە بە گرتنەبەری هەندێ سیاسەتی تایبەت، سەقامگرتوویی و ئارامی بۆ بازاڕی ئەرز دەگێڕنەوە و پێش بە داڕووخانی زیاتری ڕیاڵ دەگرن بەڵام لە کردەوەدا ئەم مێکانیزمانە هیچ دەرەنجامێکی پۆزەتیڤیان نەبووە و خستنەبازاڕی بەلێشاوی ئەرز لە بازاڕدا (وەک ناسر هێمەتی بەڵێنی دابوو) نەیتوانی دۆخەکە هێور بکاتەوە**

> **نابێ ئەو گریمانەیە لە بیر بکەین کە کۆماری ئیسلامی لە هەر دەرفەتێک بۆ زەربەلێدان لە دژبەرانی خۆی کەڵک وەردەگرێ ئەگەر تەنانەت زەربەیەکی بچووکیش بێ کە ڕەنگە لەم نێوانەدا لایەنە دژبەرەکانی نێو گۆڕەپانی خەبات بە دژی ڕێژیم لە سەرەتییەکانی ئەم ئامانجە بن**

## وێستگە

# یەکسانی یان دادپەروەری؟



**نووسین: هێمۆ**

یەکسانی و دادپەروەری دوو لەو چەمکانەن کە ڕەنگە بەکارهێنانیان زۆر زۆر بێت، بەتایبەت لەو کاتانەدا کە کەسێک هەست بەوە بکات کە کەوتووەتە بەر ناحەقییەک و مافی یەکسان و دادپەروەرانە بۆ خۆی بەدی ناکات.

ئەم دوو چەمکە زیاتر لە چوارچێوەی پرسەکانی پێوەندیدار بە ژناندا خۆ دەنوێنن، چونکە لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا و بەتایبەت لە کۆمەڵگاکانی جیهانی سێهەمدا، ژنان زۆرترین کێشەی نایەکسانی و نادادپەوەرییان هەیە. بۆ نموونە لە خوێندن، لە کارکردن، لە سەفەرکردن، لە بەخێوکردنی منداڵ، لە مووچە، لە بەشداریی سیاسیی، کۆمەڵایەتی و ئابووری و لە زۆر پرس و بابەتی دیکەدا؛ بەڵام با بزانین پێناسەی ئەم دوو چەمکە چییە؟

یەکسانی بە مانای پشکی یەکسانە لە هەموو پرس و بابەتە پێوەندیدارەکان بە ژیانی تاکەکاندا بە بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ چەشنە جیاوازی و بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ چەشنە ئیمتیازدان بە کەس یان کەسانێک. بۆ نموونە، بەبێ ئەوەی کە چاو لە نموونەیەکی ئاماری لە کۆمەڵگا بکرێت کە کامەیان هەژارتر و کامەیان ساماندارترە، یان بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕێژەی ئەندامانی بنەماڵە و نەخۆشی و کێشە و ئاریشەکانی خەڵک، بڕە پارەیەک وەکوو یارمەتیی ساڵانە یان مانگانە بە هەر بنەماڵەیەک بدرێت.

لەم حاڵەتەدا چونکە دەوڵەت تەنیا بیر لە ڕاگرتن و جێگیرکردنی یەکسانی لە کۆمەڵگادا دەکاتەوە، هەندێ پێوەری دیکە وەکوو هەژاری، نەخۆشی، ڕێژەی حەشیمەت، کێشەکان و زۆر پێوەری دیکە دەسڕدرێنەوە و گرینگییان پێ نادرێت چونکە مەبەستی سەرەکی چەسپاندنی ئەسڵی یەکسانییە کە لەم حاڵەتەدا بەتەواوەتی پارێزراوە.

بەڵام لەڕاستیدا بە وردبوونەوە لەم نموونە ئامارییە کە ئاماژەی پێ کرا و بە سەرنجدانی زیاتر بە چوارچێوەی هەرکام لەو بنەماڵانە دەردەکەوێ کە ئەو بڕە پارەیە لە هەندێک لەو بنەماڵانەدا دەتوانێ وەکوو پاشەکەوت بمێنێتەوە، لە هەندێکدا دەتوانێ ببێتە یارمەتیدەر بۆ کڕین و دابینکردنی کەرەستەیەکی پێویستی بنەماڵە، لە هەندێکدا دەبێتە تێچووی دەرمانی ئەندامێکی بنەماڵە و ڕەنگە لە هەندێکیشدا بتوانێ زگی برسیی ئەندامانی بنەماڵەیەک بۆ ماوەیەکی دیاریکراو تێر بکات، کەوایە یەکسانییەک کە مەبەستی سەرەکیی دەوڵەت بووە جێگیرکراوە بەڵام کێشەی سەرەکیی هیچکام لەو بنەماڵانە چارەسەر نەبووە چونکە ئەوە بۆ ماوەیەکی کاتییە و ئەو بڕە پارەیە هەرکات و بە هەر شێوەیەک بێت تەواو دەبێت.

بەواتایەکی دەتوانین بڵێین بۆ بەختەوەربوونی کۆمەڵگا، سەقامگیربوونی یەکسانی بەتەنیا وڵامدەری کێشەکان نییە و فاکتەرێکی گرینگی دیکە دەبێ هەبێت تاکوو بتوانێ کۆمەڵگا بەرەو بەختەوەری ببات.

ئەم فاکتەرە گرینگە کە ڕەنگە زۆر جاریش ئاماژەی پێ کرابێت، دادپەروەرییە. دادپەروەرییە کە دەتوانێت هەر لەو نموونەی سەرەوەدا کێشەکانی ئەو بنەماڵانە ڕەچاو بکات و ببێتە مێکانیزمێک بۆ ئەوەی کە هەموو ئەو بنەماڵانە بەختەوەر بژین.

ئەگەر هەر لەو نموونە ئامارییەدا کە باسی لێوە کرا، دادپەروەری ڕەچاو بکرێت، بەو واتایە کە دەوڵەت بە سەرنجدان بە دۆخی تایبەتی هەر کام لەو بنەماڵانە، هەوڵ بدات تاکوو دەرفەتی باش و خزمەتی هاوسەنگ لەگەڵ کێشەکانیان بۆ ئەوان بکات، بەدڵنیاییەوە هەموو ئەو بنەماڵانە دەتوانن لە یەک ئاستدا و لە بەرابەریی تەواودا ژیان بە سەر بەرن.

بە واتایەکی تر دەوڵەت بە لەبەرچاوگرتنی هەموو تایبەتمەندییەکانی تاکەکان و پێداویستییەکانیان دەتوانێت بە پێدانی بڕە پارەیەکی یەکسان هاوکات لەگەڵ ئەوەیکە خزمەتگوزاری دەرمانی و کۆمەڵایەتی بۆ هەژارترینەکان دابین بکات، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک، یەکسانییەکی دادپەروەرانە لە کۆمەڵگاشدا جێگیر بکات.

یەکسانیی دادپەروەرانە، ئەمە ئەو چەمکە گرینگەیە کە ئێستاکە لە کۆمەڵگای ئێمەدا پێویستە هەوڵ بۆ جێگیرکردنی بدرێت، بەتایبەت بەنیسبەت ژنانی کۆمەڵگاوە.

هەمووان باش ئاگادارین کە ژنان توێژێکی کۆمەڵگان کە زیاترین نادادپەروەری و ناحەقییان بەرانبەر کراوە، زۆربەیان وەکوو پیاوان توانایی و لێهاتوویی تایبەتیان هەیە و دەتوانن کار بکەن، خۆیان پێبگەیێنن و لە پرسە گرینگەکانی کۆمەڵگادا بەشدار بن و تەنانەت بڕیاردەریش بن، بەڵام بەهۆی نەبوونی دەرفەتی یەکسانی دادپەروەرانەوە زۆربەیان لەبیرکراون و نەیانتوانیوە بەو شێوەیە کە پێویستە خۆیان بدۆزنەوە و کەڵک لە تواناکانی خۆیان وەربگرن.

هەربۆیە سەقامگیرکردنی یەکسانیی دادپەروەرانە یەکێک لە گرینگترین پێویستییەکانی کۆمەڵگای ئێمە بەئەژمار دێت، چونکە لەم حاڵەتەدایە کە تاک هەستی گرینگبوون پەیدا دەکات و دەزانێ کە کۆمەڵگا و دەسەڵاتیش دەرکیان بە تواناکان، خاڵە بەهێز و لاوازەکان و هەروەها دۆخی تایبەتی ئەوان کردووە و ئەوکاتەیە کە بە بێ ئێرەیی بردن بە کەسانی دیکە و بە دەرکی لایەنی بەرانبەریان هەوڵ بۆ گەشەکردنی خۆیان و کۆمەڵگاکەیان دەدەن.

لەڕاستیدا سەقامگیربوونی یەکسانیی دادپەروەرانە پێویستی بە پەروەردەی درووست و بێلایەنانە هەیە تاکوو بتوانێ کۆمەڵگا بەرەو بەختەوەری ببات.

# دەبێ پێشی کاولکاری نیشتمان بگیرێ

## پێشکەشە بە شەهیدانی ژینگەپارێز


سندووس

زیاتر لە سێ سەدە بەسەر هاتنەئارای باسی دووفاقێتی، واتە (سووژە و ئۆبژە)، لە لایەن «دێکارت»ەوە، تێدەپەڕێ. کاریگەری «دێکارت» لە سەدەی هەژدەدا، لە هەموو فیلسووفان زیاتر بووە. مرۆڤ لە بیر و ئەندێشەی «دێکارت»دا، وەک «سووژە» و «بکەری ناسێنەر»، جێگە و پێگەی تایبەتی هەیە و هەر ئەم تێفکرینەش قۆناغێکی چێ کردووە کە کەم کەم مەودای بڕیوە و ئێستا بە مۆدێڕنیتەی کاپیتالیستی ناسراوە.
زاتی مۆدێڕنیتەی کاپیتالیستی ئەوەیە کە مرۆڤ واتە (سووژە) دەتوانێ جیهان و سروشت، بە شێوەی دڵخواز و بە پێی قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی دەستەمۆ بکات و چۆنی پێ باش بێ ئاوا، چوارچێوەی هەڵسوکەوتی لە گەڵ سروشت، ڕێکخات و دایبڕێژێت.
لە ڕوانگەی «دێکارت»ەوە، جیهان تا ئاستی «چەندێتی» دادەبەزێ و دەکرێتە «ئۆبژە»یەک، کە تەنیا هاوڕێ لەگەڵ مرۆڤ، واتە «سووژە»دا، مانا پەیدا دەکات.

بوونەوەرەکانییەوە و نەهێشتنی زوڵم و زۆری چینایەتی، ڕەگەزی، نەتەوەیی و ... هتد. بە باوەڕی ئارنی نیس و مورای بوکچین، بۆ دەربازبوون لەم دۆخەی مرۆڤایەتی تێی کەوتووە، دەبێ زێهنییەتی مرۆڤەکان لە سیستمی مۆدێڕنیتەی کاپیتالیستییەوە، بگۆڕدرێت بۆ مۆدێڕنیتەی دێموکراتیک و ئەو سیستمە هیرارشییەی دەمێکە کۆمەڵگای بەرەو هەڵدێری نەمان بردووە لە ڕێگەی سیستمێکی پەروەردەی مرۆڤتەوەرەوە لە شێوە دەسەڵاتی ئەستۆنییەوە ڕاگوازین بۆ شێوە دەسەڵاتێکی ئاسۆیی و لە جێگەی تێزی «من بیر دەکەمەوە کەوابوو هەم»ی «دێکارت»، «من ژیانی خاوێنم هەڵبژاردووە، کەوابوو هەم»ی «بوکچین»، بکەینە شاکلیلی بیرکردنەوەمان. ئەم تێزە وەبیرهێنەرەوەی ئەم ڕاستییەیە کە لە کۆمەڵگادا Ego ی خۆتەوەر، دەبێ جێگەی خۆی بدا بە Eco ی پڕ لە بوونەوەر و هەوڵی یەکگرتنەوەی سووژە و ئۆبژە بدرێ. ئەو بابەتەی بە ئێکۆلۆژی کۆمەڵایەتی ناوبانگی دەرکردووە.
لێک جیاکردنەوە و دابڕانی مرۆڤ و سروشت لە یەکتر و وەک ئۆبژەیەکی بێ ڕۆح و مردوو چاو لە سروشت و

جیهانە و شوناسێکی جیا لە جیهانی هەستی هەیە و ئەو شوناسە، ئەوی تا ئاستێک بەرز کردووەتەوە کە بە وتەی «مارکس»، جیهان شرۆڤە ناکات بەڵکوو دەیهەوێ بیگۆڕێ، مرۆڤی بێ نەوا کردووە وماڵی لە کۆڵی ناوە و سەرگەردان دەیسووڕێنێتەوە.
«هایدگێر» لای وایە مرۆڤی بێ جیهان و بێ پرسی ژینگە، ناتوانێ ئەوە بێ کە خۆی دەیهەوێ. ئەو پێی وایە مرۆڤ و جیهان تێکتەنراون و پێوەندییەکی چڕوپڕیان بەیەکەوە هەیە و بوونی هەرکامیان بەستراوەتەوە بەویتر و بەیەکەوەش مانا پەیدا دەکەن.
هایدگێر دەڵێ: مرۆڤی چاخی مۆدێڕن کە بە شوێن جیایی و دابڕانی خۆی و سروشتەوەیە، بێ نەوا و بێ ماڵ و حاڵە. سروشت پاکە و بناغەی هێز و گەشەیە، کەوابوو ڕیشەیی و بە تێکەڵکردنەوەی ئەو جەمسەرانە و سڕینەوەی دووفاقێتی سووژە و ئۆبژە، دەکرێ جۆرێکی تر بناغەی ژیان دابڕێژینەوە و مرۆڤیش لەو بێ نەوایی و سەرگەردانییە بێتە دەرێ.
ئێستا با بزانین بۆچی ژینگە پارێزەرانی ئێمە، بۆ جوان ڕاگرتنی وڵاتەکەیان ئامادەن گیان بەخت کەن و سەر بنێنەوە بەڵام وڵاتەکەیان نەبێتە دەستەچیلەی

ئەو پێی وایە نیشتمانپەروەری لەخۆگری بەهایەکە بەناوی وەفاداری و وەفاداری بۆخۆی فەزیلەتە، کەواتە نیشتمانپەروەرییش لە ڕەوشتبەرزییەوە نزیک دەبێتەوە، هەروەها کۆمەڵێک پێوەندی خاوەن بنەمای مێژوویی و گشتی، دەورەی مرۆڤیان داوە کە ناسڕدرێنەوە و پێوەندی بە زێد و خاک، یەکێک لەوانەیە.
هەروەها ژینگە ماکەی سەرەکی و دیاری نیشتمانە کە کاریگەری لە سەر ژیانی گشتی و تاکی مرۆڤ، دادەنێ. چوونە نێو ژینگە و کاتبەسەربردن لە سەر خاک و لە نێو ژینگەدا وەک بەستنی پەیمان لەگەڵ خاک و نیشاندانی بەستراوەییە بە خاکەوە.
بێجگە لەوەش، مرۆڤەکان بەشێوەی تاکی، خاوەن ئەزموونی ژیانکردن و چێژبردن لە ژینگەی خۆیانن، بۆ وێنە کاتێک کەسێک دەڵێت: «کوردستان جوانە»، ئەوە بەو مانایەیە کە خۆرئاوابوونی کوردستان و دار و بەرد و پەلەوەر و گیاوگوڵی کوردستانی لە نزیکەوە بینیوە، بەڵام خۆ ڕەنگە هیچ ئەزموونێکی لەگەڵ ژینگەی ئەفریقادا نەبێت. بۆیەش ژینگەپارێزان هەوڵی پاراستنی ئەو شوێنانە دەدەن کە دەیناسن















**لێک جیاکردنەوە و دابڕانی مرۆڤ و سروشت لە یەکتر و وەک ئۆبژەیەکی بێ ڕۆح و مردوو چاو لە سروشت و ژینگە کردن، مرۆڤی کردووە بە چەقی گەردوون و «ئەشرەفی مەخلوقات» و بە تێفکرینی بیرکارخوازانە و بەکارهێنانی تێکنۆلۆژی و سیستمی میکانیکی، ڕێگەی هەڵکشان و بەرزکردنەوەی مرۆڤی، لە بە زەلیل کردن و دەستەمۆی زیاتری سروشتدا دیتۆتەوە. جیهانی نێو بیر و ئەندێشەی «دێکارت»یش، تەنیا لە ڕوانگەی زانست و لەسەر بناغەی تێکنۆلۆژی (زانستی ئامرازێک)ەوە، شرۆڤە دەکرێ**

تێفکرینی جیهان وەک سەرچاوە، کانگا و پاشەکەوتی وزە بۆ مەسرەف، بەرهەمی ڕوانگەیەکە، کە سووژە، بە کەیفی خۆی تەڕاتێنی تێدا دەکات و بە بێ هیچ بەڵگەیەکی لۆژیکی، ئامادەی

ژینگە کردن، مرۆڤی کردووە بە چەقی گەردوون و «ئەشرەفی مەخلوقات» و بە تێفکرینی بیرکارخوازانە و بەکارهێنانی تێکنۆلۆژی و سیستمی میکانیکی، ڕێگەی هەڵکشان و بەرزکردنەوەی

ئاگری ڕق و قینی تاقم و باندێکی مافیایی؟
دیارە ژینگە سەرچاوەی «بوون»ە، مرۆڤیش وەک بوونەوەرێکی بیرمەند، کاتێک بەو ئاکامە گەیشت کە دەبێ

و خۆشیان دەوێت و هەست بە وەفاداری و بەرپرسیارێتی دەکەن.
ئێستا ئەگەر کەسێک، دەستە یان تاقمێک بێن و بە ئانقەست و وەک غەدر ژینگەی ئەم وڵاتە بشێوێنن

**ژینگە سەرچاوەی «بوون»ە، مرۆڤیش وەک بوونەوەرێکی بیرمەند، کاتێک بەو ئاکامە گەیشت کە دەبێ بە تۆخی، سروشت و ژینگەی بپارێزێت، لە ڕاستیدا بە وشیارییەکی تەواو لە سەر، سەرچاوەکانی «بوون»، گەیشتووە. هەروەها مرۆڤ بەستراوەی سروشت و بوونە و مانەوە پێویستی بە ژینگە، بە هەموو بوونەوەرەکانییەوە هەیە. هەر بۆیە ناسین و فامکردن و پارێزگاری کردن لە بوونەوەرە نا- مرۆییەکانیش دەکەوێتە بازنەی ڕەوشتبەرزی و نیشتمانپەروەرییەوە**

دەستکاری کردنیەتی.
هەرئێستا حەوت وڵاتی پیشەسازی جیهان، زیاترین گازی گوڵخانەیی بەرهەم دەهێنن و زیاترین زیانیش لە لایەی ئۆزۆن، هەر ئەوان لێیان داوە، جگە لەوانە هەبوونی ئەو هەمووە زبڵ و زاڵی وزەی ناوکی و بڕینی دۆنمێکی یەکجار زۆر لە لێڕەوار و جەنگەڵەکان، بە مەبەستی کاری بازرگانی و بەرژەوەندیخوازی هەلپەرستانەوە و ... کارناسانی هێناوەتە سەر ئەم بڕوایە کە دەبێ ڕێگەچارەیەکی بنەڕەتی بۆ ئەم هەڕەشە گەورەیە، بدۆزرێتەوە.
لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا بیرمەندانی وەک «ئارنی نیس»ی

مرۆڤی، لە بە زەلیل کردن و دەستەمۆی زیاتری سروشتدا دیتۆتەوە. جیهانی نێو بیر و ئەندێشەی «دێکارت»یش، تەنیا لە ڕوانگەی زانست و لەسەر بناغەی تێکنۆلۆژی (زانستی ئامرازێک)ەوە، شرۆڤە دەکرێ.
بەڵام هاتنەئارای ئاڵوگۆڕی تازە لەسەر گۆی زەوی، یانی دوای، لە داوکەوتنی مرۆڤ واتە بکەری ناسێنەر - سووژە، لە تەڵەی یەکێک لە وردترین پاژەکانی سروشت (coronavirus)، یان کۆڤید ١٩، مرۆڤ دەخاتەوە بیری یەکێک لە گەورەترین فیلسووفانی سەدەی بیست واتە «مارتین هایدگێر»ەوە کە تا کۆتایی تەمەنی، ئەندێشەی دێکارت و دیاردەی مۆدێڕنیتەی کاپیتالیستی،

بە تۆخی، سروشت و ژینگەی بپارێزێت، لە ڕاستیدا بە وشیارییەکی تەواو لە سەر، سەرچاوەکانی «بوون»، گەیشتووە. هەروەها مرۆڤ بەستراوەی سروشت و بوونە و مانەوە پێویستی بە ژینگە، بە هەموو بوونەوەرەکانییەوە هەیە.
هەر بۆیە ناسین و فامکردن و پارێزگاری کردن لە بوونەوەرە نا- مرۆییەکانیش دەکەوێتە بازنەی ڕەوشتبەرزی و نیشتمانپەروەرییەوە.
دیارە کۆمەڵێک گوزارەی دیکەش ژینگەپارێزی بە نیشتمانپەروەرییەوە دەبەستنەوە. لە یۆنانی کەونارادا ئەو باوەڕە هەبووە کە پۆلیس «شار» بەردەوام لەژێر هەڕەشەی دەرەکیدایە و نیشتمانپەروەری مەیلی خستنە نێو

و تێکی تەپێنن چی؟ ئالێرەدا ڕۆڵی ژینگەپارێزانی شۆڕشگێڕ و گیانبەختکردووی ئێمە دەردەکەوێ.
ژینگەپارێزانی ئێمە، دەمێکە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەستیان بەوە کردووە کە جیاوازییەک لە نێوان سووژە و ئۆبژەی ئەواندا نییە و بە کردەوە و تەنانەت بە بەختکردنی گیانیان سەلماندوویانە چەندە خۆبەخشانە بۆ پاراستنی وڵاتەکەیان ئامادەن گەورەترین مەترسییەکان بە گیان بکڕن و تەنانەت بۆ پاراستنی ژینگەی وڵات و نیشتمانەکەیان ئامادەن بمرن.
ئێستا ژینگەپارێزی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بووەتە گەورەترین خەبات و نیشتمانپەروەرانی ئێمە، چاک دەزانن ئەو دوژمنە غەدار و بێ ڕوحمە، بەزەیی بە

**نیشتمانپەروەری لەخۆگری بەهایەکە بەناوی وەفاداری و وەفاداری بۆخۆی فەزیلەتە، کەواتە نیشتمانپەروەرییش لە ڕەوشتبەرزییەوە نزیک دەبێتەوە، هەروەها کۆمەڵێک پێوەندی خاوەن بنەمای مێژوویی و گشتی، دەورەی مرۆڤیان داوە کە ناسڕدرێنەوە و پێوەندی بە زێد و خاک، یەکێک لەوانەیە**

نۆروێژی و «مورای بوکچین»ی ئامریکایی - دیارە هەر یەکەی بەجیا - پرۆژەیەکی فکرییان دارشت، بۆ پاراستنی ژینگە بە هەموو

لەبەر جیاکردنەوەی مرۆڤ و سروشت لە یەکتر، واتە قەبووڵی دووفاقێتی (سووژە و ئۆبژە)، قەبووڵ نەبووە و بە توندی ڕەخنەی گرتووە و لای وابووە ئەگەر مرۆڤ پێی وابێ کوێخا و گەورەی

مەترسی گیانی خۆتە بۆ پاراستنی نیشتمان و نیشتمان بێ گیانبازی پارێزراو نابێت. مەکینتایێر (MacIntyre) فیلسووفی هاوچەرخ، دەپرسێ: «ئایا نیشتمانپەروەری ڕەوشتبەرزییە؟»

هیچ شتێکی ئەم وڵاتەدا نایە، هەربۆیە بە هەر بەهانەیەک دەیهەوێ کاول و وێرانی بکات. لە بڕینی لێڕەوارەکانییەوە بگرە تا سووتاندنیان و شکاندنی چۆم و ڕووبار و گۆل و دەریاچەکان و کوشتنی

مەل و باڵندە و ... هتد.
لێرە دەردەکەوێ کە کەسێک گەر وڵاتەکەی خۆش نەوێ و بەهیواوە لەگەڵی نەژی، هیچکات لە ڕۆژی تەنگانەدا بۆی نامرێ.

ئەم چەند دێڕە بە حورمەتی شەهیدانی ژینگەپاریز نووسراوە و لێرەوە سڵاو دەنێرین بۆ ڕۆحی پاکی گشت شەهیدانی ژینگەپارێزی وڵات.

# ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون

مریەم عەلیپوور

بەشی هەژدەیەم

## گەشەدان بە تیم (پۆل) یا گروپ

ئەگەر بمانهەوێت گەشە بە تیم (پۆل) یا گرووپێک بدەین ئەو پێنج فاکتەرە زۆر گرینگن کە لە بەرچاویان بگرین کە لە خوارەوەدا بە کورتی ئاماژەیان پێ کراوە، بڕوانە وێنەی خوارەوە.

١. سترۆکتۆری گرووپەکە:
کە باسی سترۆکتۆری گرووپ دەکەین مەبەست چارتی گرووپەکەیە، کێ بەرپرسە، کێ و چەند ئەندامی هەیە، ڕێکخستنی گرووپەکە چۆنە، ئامانجەکان چین، ڕۆڵەکان چۆن دابەش کراون، شێوازی کار کردن، ڕایەڵەی نێوانیان و ... هتد.

٢. پرۆسە یان چالاکییەکانی گرووپەکە:
لێرەدا مەبەست لە پرۆسە یان چالاکی و تێکۆشانەکانی گرووپە.
هاوکاری کردن لەگەڵ یەکتر چۆنە، کێشە و ڕێگاچارەکانی چۆنە، لێپرسینەوە و پێڕاگەیشتن چۆنە، و ... هتد.

٣. پێوەندی ناوخۆ:
شێوازی هەڵسوکەوتیان لە ناوخۆدا (لە ناو گرووپەکەدا) هەم لەگەڵ یەکتر و هەم لەگەڵ بەرپرس و هەروەها هەڵسوکەوتی بەرپرس لەگەڵ باقی ئەندامان چۆنە.

٤. پێوەندی لەگەڵ دەرەوەی گرووپ:
پێوەندی ئەندامانی گرووپ لەگەڵ خەڵکانی دەرەوەی گرووپەکە چۆنە. چەندە لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکان دەتوانن خۆ ڕێکخەن.
دەرگایان بۆ وەرگرتنی تێبینی ئاوەڵایە، ئەی بۆ ڕەخنە و بۆچوونی خەڵکانی دەرەوەی گرووپەکە چۆنن؟

٥. فێربوون:
لە دونیای تێکنۆلۆژی ئێستادا فێربوون و پێشکەوتن بەپێی ئاڵوگۆڕەکان و شتی تازە بۆتە کاری ڕۆژانە و مانگانە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە گرووپەکە چەندە خۆی لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانە ڕێک دەخات؟ چەندە پێداچوونەوە بە سەر کارەکانیدا دەکات و خاڵە بەهێز و لاوازەکان بەتایبەت لەسەر فێربوونی شتی تازە دێنێتە بەر هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە.
ئەندامانی گرووپ چەندە توانایی و ڕاهاتوویان هەیە بۆ ئاڵوگۆڕەکان؟
ئایا بەرپرس و ئەندامانی گرووپەکە بەشداری سیمینار، کۆرسی ڕاهێنان و فێربوون دەبن و ... هتد؟

### چەند خاڵ لە مێتۆدی ڕاهێنەری لەسەر پۆل، تیم یا گرووپ کە بۆ ڕاهێنەر گرنگن و دەبێ بیانزانێت و لە کاتی پێویستدا بە کردەوەییان بکات:

#### ١. پێکهێنانی کۆبوونەوە لە نێوان ڕاهێنەر و هەر یەک لە ئەندامانی بەشدار لە پرۆسەی ڕاهێنەریدا بە مەبەستی:

- بڕوا دروست کردن لە نێوان ڕاهێنەر و ئەندامانی گرووپدا.
- بۆ ناسینی یەکتر یان ئاشنابوون لەگەڵ یەکتر.
- باس کردن لەسەر شێوازی گەشەدان بە گرووپ و باشترکردنی پێوەندی نێوان ئەندامانی گروپ.
- باس کردن لەسەر ئەو بەشانە یان ئەو چالاکییانەی کە بە باشی دەڕۆنە پێش و هەروەها ئەو چالاکییانەی دەتوانن پەرەیان پێبدەن یا باشتری بکەن.
- باس کردن لەسەر هۆکاری بەڕێوەبردنی پرۆسەی ڕاهێنەری و شێوازەکانی.
- ئایا ئەندامانی گرووپەکە بە تەواوی شارەزا یان ئاگاداری ئەوە هەن کە مەبەست لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی ڕاهێنەری چییە؟ یان دەبێ ڕاهێنەر بۆیان باس بکات؟

#### ٢.کۆکردنەوەی زانیاری بۆ وەدەستهێنان و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر گرووپەکە وا باشە ڕاهێنەر:


- کۆبوونەوەی جیاجیا لەگەڵ هەر یەک لە ئەندامانی گرووپەکە کە بەشداری پرۆسەی ڕاهێنەرییەکە دەبن، پێک بێنێت.
- یاخۆد بۆ هەموو ئەندامان ڕاپرسییەک دروست بکات.
- دانیشتنی لەگەڵ کەسانی کاربەدەست یا بڕیاربەدەست (کلیدی) هەبێت.
- دانیشتنی لەگەڵ چەند کەس لە دەرەوەی گرووپ چ بێلایەن و چ لایەنگر هەبێت.

#### ٣. لە یەک جیاکردنەوە

- ڕاهێنەر دەبێ باش بزانێت کە گرووپەکە ئەوڕۆ لە چ دۆخێکدایە.
- لەسەر هەموو ئەو زانیارییانەی کە وەدەستی هێناوە، لێکدانەوە یا شیکردنەوەیەک بکات.
- بزانێت لە قۆناغی ئێستادا گرووپەکە لە چ ئامرازێکی ڕاهێنەری کەڵک وەردەگرێت.
- بزانێت کێشەکانی ناو گرووپەکە چین.

#### ٤. پێکهێنانی کۆبوونەوە بە مەبەستی کۆدەنگ بوون لەسەر شێوازی بەڕێوەچوونی چالاکییەکانی گرووپ لە قۆناغی ئێستادا.

- کۆدەنگ بوون لەسەر شێوازی بەڕێوەچوونی گرووپەکە لەدوای بەجێگەیاندنی پرۆسەی ڕاهێنەری.
- کۆدەنگ بوون لەسەر ئەوەیکە دەبێ لەسەر چ بەشێکی گرووپەکە چڕ ببنەوە و کاری ڕاهێنەری لەسەر بکەن.
- کۆدەنگ بوون لەسەر شێوازی پێکەوە کارکردن و بەڕێوەبردنی پرۆسەکە (ڕاهێنەری) بۆ گەیشتن بە ئاکامی دڵخواز.
- کەندو کۆسپەکانی بەڕێوەبردنی کارەکان یان چالاکییەکان کامانەن.




#### ٥. گوێدان، ئاگاداربوون و تێگەیشتن

. دەستنیشان کردنی ڕەفتار و کرداری هەر یەک لە ئەندامانی ناو گرووپ.

- هەستەکان و پێوەندییەکان چۆنن لە ناو گرووپەکەدا
- بۆچوونەکان، بیرکردنەوەکان و هۆکارەکان لە ناو ئەندامانی گرووپەکە چۆنە.

#### ٦. تاقیکردنەوەی شێواز و ڕێکاری تازە

چ شێواز یا مێتۆدی کاری تازەی باشتر هەیە بۆ گەیشتن بە ئاکام.

بە پێی ئەزموونی کەسانی دیکە کامە لەو مێتۆدانە باشترینن.

#### ٧. بەکردەوە کردن یان جێبەجێ کردن

- مەرج و پێداویستییەکان کامانەن؟
- ڕێکەوتی دەست بەکار بوون؟
- کێ چ بکات و چۆن بکات؟
- ئاسانترین ڕێگا کامانەن؟
- چ بکەین بۆ ئەوەی بە زووترین کات بە ئاکام بگەین؟
- چۆن و بە چ شێوەیەک یارمەتی جیاجیا بە تاکەکان بدەین؟ گرنگی بە چ شێوازێک بدرێ؟ چۆن ئەو کارە بکرێ ؟

#### ٨. هەڵسەنگاندن، لێپرسینەوە و فێربوون

- لەو پرۆسەیەدا چ شتێک بە باشی بەڕێوە چووە و کەموکورییەکان چ بوونە؟
- چ فێر بووین و چ بکەین بۆ ئەوەی لە داهاتوودا باشتر بین؟
- چەندە ڕازین و چ بەشێکی گرنگ بووە؟
- ڕاهێنەر چ فێر بووە؟ تا وەک ئەزموون لە داهاتوودا بەکاری بێنێت.

#### ٤,٦ ڕاهێنەری گرووپی یان هاوڕێیانە پێکەوە

ئەرەستوو Aristoteles (٣٨٤ پ. ز -٣٢٢ پ. ز) گەورە فەیلەسوفی یونانی دەڵێت: «مرۆڤ ئاژەڵێکی سیاسییە و چارەنوسی وایە کە دەبێ لە نێو کۆمەڵگەدا بژیت.»
مەبەستی ئەرەستوو ئەوەیە کە سروشتی مرۆڤ بۆ ژیان کردن ئەوەیە کە لە نێو کۆمەڵگەیەکدا بێت کە لەوێدا ڕێک و پێکییەک (دیسیپلینێک) بوونی هەبێت. هەیە.
هەر بۆیە ناتوانێت بە بێ پێوەندی و پێکەوە بوونی لەگەڵ تاکەکانی دیکەی تری کۆمەڵگە ژیان بەرێتە سەر.
لە هەر دۆخێکدا بی، هەلومەرجەکانی کۆمەڵگە و هاوڕێیانت کەم تا زۆر کاریگەری لەسەر چۆنیەتی ژیانی تۆ بە چاک و خراپ هەیە.
لەوانەشە ببن بە سەرچاوەی بیروباوەڕ و ڕەفتارەکانت. لە هەر کات و دۆخێکدا بین ئەوە هێندێک ئاوات و ئامانج، ویست و چاوەڕوانی، خوو و خسڵەت و خەونی هاوبەشمان پێکەوە هەیە؛
کەواتە ئەو خاڵە هاوبەشانە وامان لێدەکەن باشتر لە یەک تێبگەین.
هەرچەند ڕاهێنەری دەبێ لە ڕێگای ڕاهێنەرێکی شارەزا و پسپۆڕەوە بێت، بەڵام زۆر جار هەیە کە هاوڕێ یا هاوکارەکان پێکەوە کە لە ڕێکخراوێکدا کار دەکەن، دەتوانن ڕاهێنان بە یەکتر بکەن.
کاتێک لە ڕێکخراوێکدا هاوکارەکان یا هاوڕێیەکان کارەکانی یەکتریان بۆ گرنگە و لەگەڵ خۆشی و ناخۆشییەکانی یەکترن، لە هەڵسوکەوتی یەکتر تێدەگەن و سەرکەوتنی یەکتریان پێ سەرکەوتنی خۆیان و ڕێکخراوەکەیانە، زۆر باش دەتوانن ڕاهێنان بە یەکتر بکەن.
ڕاهێنەری هاوڕێیی بۆ گەشەدان بە کار و کردەوەکانی یەکتر بۆ ئەوەیە کە هەر کەسەو بەشێوەیەک لە کارەکانیدا سەرکەوتوو بێت.
ڕاهێنەری بۆ باشتر کردنی پێوەندی نێوان خۆیان (هاوڕێیەکان). هاوڕێیەکان باشتر یەکتر دەناسن و لە گەڵ یەکتر ئاوەڵاترن، هەر بۆیە پرۆسەی ڕاهێنەرییەکەش ئاسانترە و گەیشتن بە ئامانجیش ئاسانتر و کەمتر کات دەگرێت. قازانجێکی دیکە لە ڕاهێنەری هاوڕێیەتیدا ئەوەیە کە هیچ دەرکەوتی (خەرج) ئابووری تێناچێت و لەباتی ڕاهێنەرێک بە دراو (پوڵ/ پارە) بگرن تا ڕاهێنەرییان پێ بکات ئەوە خۆیان ئەو کارە دەکەن.

### خوڵقێنەری یا داهێنەری لە نێو گروپدا

بۆ ئەوەی داهێنەری لە نێو تیم یان گرووپێکدا هەبێت، پێویستە ئەندامانی تیمەکە یان نێو گرووپەکە ئەو خاڵانەی خوارەوە لەبەرچاو بگرن و بەرۆژەڤ و کردەوەیان بکەن:

- داوای یارمەتی لە یەکتر کردن.
- یارمەتی یەکتردان.
- توێژینەوە و دۆزینەوەی ڕێکاری تازە چ بۆ چالاکییەکان و چ بۆ هەڵوێستەکان.
- سەرکەوتنی هەر تاکێک، بە بەهێزبوونی تاکێکی دیکەی بزانە.
- هاندان و دڵگەرم کردنی هاوڕێیان، لە بەرژەوەندی هەموواندایە و هەر بۆیە دەبێ ببێت بە یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی ئەندامانی نێو پۆل یان گرووپ.

### فۆرم بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە پرۆسەی ڕاهێنەریدا

ڕێکارێکی باش بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە پرۆسەی ڕاهێنەریدا هەبوونی فۆرمە.
فۆرم بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵێک تایبەتمەندی لەسەر پێکهاتە (سترۆکتۆری) و ڕواڵەتی (دیاردە یان بەشی دەرەکی و دیاریکراوی) پرۆسەکە، چۆنیەتی یان شێوەی ئەنجامدانی کارەکان و بەسوود بوونیان.
بە کەڵک وەرگرتن لە فۆرم، باشتر ئاگاداری قۆناغی ئێستا دەبی و باشتریش دەتوانی بیر بۆ گەیشتن بە قۆناغی داهاتوو بکەیەوە. هەر شێوازێک لە ڕاهێنەری فۆرمێکی تایبەت بە خۆی پێویستە.
بەڵام ئەوەی گشتییە و لە هەموو شێوازی ڕاهێنەرییەکاندا پرسیار دەکرێت، ئەوانەی خوارەوەن:
قۆناغی ئێستا چۆنە؟
حەز دەکەی قۆناغی داهاتوو چۆن بێت؟
ئامانجەکانت؟
کەموکوڕییەکان کامانەن؟
هەڵسوکەوتت لەگەڵ بەرپرس چۆنە؟
چ لەسەر کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانت، دەزانی؟
چ جۆرە یارمەتییەکت دەوێت؟
حەز دەکەی باسەکان هەر لە ناو خۆماندا بن یا لە گەڵ کەسانی دیکەش باس بکرێن؟ و ... هتد.
هەر ڕاهێنەرێک بەپێی ڕاهێنانەکەی و فێرخوازەکە فۆرمێک بۆ کۆکردنەوەی زانیاری چ لەسەر فێرخواز، ڕێکخراو، تیم و ... هتد دروست دەکات.



---

**خوێنەرانی هێژا، ئەم بەشە لە زنجیرەوتاری «ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون» لەڕاستیدا درێژەی بەشی شازدەیەمە کە بەهۆی هەڵەیەکی تکنیکی لەم ژمارەیەدا بڵاو کرایەوە. وێڕای داوای لێبوردن لە نووسەری بابەتەکە و ئێوەی خۆشەویست.**

## بابا‌عەلی مێهرپەروەر:

# دوکتور شەرەفکەندی دەیگوت لە شۆڕشدا پارە پێویستە بەڵام نابێ شۆڕش بۆ پارە بێ. شۆڕشگێڕ پارەی بۆ بژێوی ژیانی پێویستە بەڵام نابێ لە پێناوی پارەدا شۆڕش بکا

وتوویژ: ڕەحمان سەلیمی

٢٨ساڵ پێش ئێستا لە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاویدا، دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی، کاک «فەتاح عەبدولی» نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، کاک «هومایون ئەردەڵان» نوێنەری حیزب لە ئاڵمان و کاک نووری دێهکوردی، چالاکی سیاسی و دۆستی حیزب لە ڕێستورانی «میکۆنۆس» لە «بێرلین» کەوتنە بەر پەلاماری تێروریستەکانی کۆماری ئیسلامی و شەهید کران. سەرەڕای هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ پێشگرتن لە پێکهێنان دادگا بۆ تێرۆریستان، دادگای بێرلین کە بە دادگای میکۆنۆس ناوبانگی دەرکرد بە ئاشکرا ڕێبەرانی ڕێژیمی ئێرانی بە پلاندارێژ و بەڕێوەبەری تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی ناساند و تێرۆریستانی بە زیندان مەحکووم کرد.
لەگەڵ بەڕێز «بابا‌عەلی مێهرپەروەر» تێکۆشەری دێرینی کورد، کەسایەتی دوکتور شەرەفکەندی، خەسارەکانی ئەم تێرۆرە لەسەر بزووتنەوی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکرات، گرینگی بڕیاری دادگای میکۆنۆس و چەند ڕەهەندێکی دیکەی پێوەندیدار دەخەینە بەر باس.

**- دوکتور شەرەفکەندی خاوەن چ تایبەتمەندیگەلێک بوو؟ ئێوە بەڕێزیان چۆن دەناسن؟**

پێش هەموو شتێک سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی کاک دوکتور ‹‹سەعید›› و هاوڕێیانی شەهیدی کاک ‹‹هومایون ئەردەڵان›› و کاک ‹‹فەتاح عەبدولی›› و کاک نووری دێهکوردی. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکیان.
کاک دکتور سەعید کەسێکی خاکی و ساکار و خەڵکی بوو. لەو کاتەدا کە لە ئەرک و کارەکانیدا جیددی و شێلگیر و بەبڕشت بوو، بەڵام لەگەڵ هاوڕێکانی و لە کاتی پشوودا زۆر قسەخۆش و ڕووگەش و سەمیمی بوو. بەهۆی ئەوەی خوێندنەکەی لە بواری زانستیدا بوو، هەموو کات لەگەڵ عەدەد و ژمارە و فۆرموول سەروکاری هەبوو و کاتی خۆی بۆ چەندین ساڵ پیشەی مامۆستایەتی هەبوو بۆیە ئەهلی مەنتیق و ئیستیدلال بوو. بە بەڵگە قسەی لەگەڵ بەرانبەری خۆی دەکرد و بەپێچەوانەش هەر وابوو. کاک سەعید خاوەن هۆش و زەکاوەتێکی بەرز بوو؛ کەم کەسم دیوە بە ڕادەی کاک سەعید بەخێرایی شتی نووسراوە بخوێنێتەوە. لە دۆستایەتیدا زۆر قورس و قایم بوو. قسە لەڕوو و ڕاشکاو بوو. زۆر بە سەخاوەت بوو. هەموو کات دەیگوت پارە فەساد دێنێت. دەیگوت لە شۆڕشدا پارە پێویستە بەڵام نابێ شۆڕش بۆ پارە بێ. شۆڕشگێڕ پارەی بۆ بژێوی ژیانی پێویستە بەڵام نابێ لە پێناوی پارەدا شۆڕش بکا. بەکورتی کاک دوکتور سەعید، خاکی و خەڵکی لە ژیان، بەبڕشت و شێلگیر و پەیگیر لە ڕاپەراندنی ئەرکەکانیدا، بوێر و نەترس لە کاتە هەستیارەکاندا، سادق و ڕاستگۆ لەگەڵ هاوڕێیان و لەگەڵ حیزبەکەی، ڕاشکاو و قسەلەڕوو لە وتوویژ و دیالۆگدا و....

**- نەخش و ڕۆڵی دوکتور»سادق شەرەفکەندی» لە ڕێبەریکردنی حیزبی دێموکرات دوای تیرۆر کرانی دوکتور قاسملوو چۆن دەنرخێنن و هەتا چەند بەهێز بوو؟**

پاش تێرۆرکرانی کاک دوکتور قاسملوو، کاک دوکتور سەعید کە ئەو کات جێگری سکرتێری گشتیی حیزب بوو، بوو بە سکرتێری حیزب. نەخشی کاک دوکتور سەعید دەبێ لە دوو قۆناخدا هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ. قۆناخی یەکەم و سەردەمی کاک دوکتور قاسملوو و قۆناخی دوای شەهیدکرانی کاک دوکتور قاسملوو.
لە قۆناخی یەکەمدا کاک دوکتور سەعید وەک ئەندامێکی دەفتەری سیاسی و زۆر جار وەک جێگری سکرتێری گشتیی( مەگەر ئەو کاتانە کە خۆی نەیویستایە وەک جێگری سکرتێر کار بکا) لە پۆستەکەی خۆیدا کە پتر وەک بەرپرسی ڕادیۆ دەنگی کوردستان یا ڕۆژنامەی کوردستان کاری دەکرد (ماوەیەکیش وەک بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب، پێش ئەو کاتەی کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی لە تیکەڵکرانی کۆمیسیۆنی تەشکیلات و پێشمەرگە دابمەزرێ بەرپرسایەتی هەبوو).
لەهەر شوێنێک کاری کردبێ کارەکانی بە بەرنامە و ڕێکوپێک بوو. بەڵام بەگشتی کەسایەتی کاریی ناوبراو لەو کاتەدا زۆرتر لە ژێر سێبەر و کاریگەریی کاک دوکتور قاسملوودا بوو و بەو شێوەیە کە پێویست بوو دەرنەدەکەوت. وەک باسم کرد زۆر جار بەرپرسایەتی ڕادیۆی لە سەرشان بوو کە کەمتر خۆی بە کاری بەڕێوەبەریی نێوخۆی حیزب سەرقاڵ دەکرد و کەمتر لەگەڵ خەڵک بەرخوردی هەبوو، مەگەر ئەو کاتانە کە کاک دوکتور قاسملوو سەفەری دەرەوەی وڵاتی دەکرد کە ئەو کات بە ناچاری ئەرکی سکرتێریش دەکەوتە سەرشانی.
قۆناخی دووهەمی نەخشی کاک دوکتور سەعید دوای تێرۆرکرانی کاک دوکتور قاسملوو زیاتر وەدەرکەوت. ڕۆکبێژی یان پێڕەوی لە مەنتیق و لۆژیک لە وتوویژ و ڕەفتاریدا، لە پێوەندییەکانی لەگەڵ حیزب و کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستانی و ئێرانی هەروەها ڕاشکاو و بەجەسارەت، واقیعبین بوو و خۆی دوور دەگرت لە دروشمی بێ ناوەڕۆک.
ئەهلی تەشریفات و موجاملە نەبوو. بەڕاستی خۆشی لە ماستاوچییەتی و پێداهەڵگوتن نەدەهات. ئەهلی خۆدەرخستن و خۆنواندن نەبوو.
دوای شەهیدکرانی کاک دوکتور قاسملوو بێ ئەملاوئەولا کاک دوکتور سەعید هیوا و ئومیدی گەڕاندەوە بۆ نێو ڕیزەکانی حیزب. ئۆرگانەکان کەوتنەوە سەرهێڵە ڕاستەقینەی خەبات. کەم کەم کەسایەتی و ڕوخساری ڕاستەقینەی لە نێو ئەحزابی سیاسی و ئەو لایەنانەی کە پێوەندییان لەگەڵ حیزب و جووڵانەوەی کورد هەبوو، دەردەکەوت. ئاشنایی و توانای باشی بە سەر زمانی فەرانسەویدا ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساندبوو لە نێو ئەحزاب و دەوڵەتەکانی دەرەوەی وڵاتیشدا کەم کەم جێی خۆی بکاتەوە.

**- بە تێرۆرکرانی کاک دوکتور شەرەفکەندی، بە دەستی تێرۆریستانی ڕێژیمی ئێران خەباتی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات چ خەسارێکی وەبەر کەوت ؟**

بە تێرۆرکرانی کاک دوکتور قاسملوو لە ویەن پێتەختی وڵاتی ئۆتریش خەسارێکی گەورە و مەزن وەبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی و بە حیزبی دێموکرات بەتایبەتی کەوت.
جێگرتنەوەی بەهۆی کاک دوکتور سەعید و کاریگەریی کەسایەتی و مودیریەتی ناوبراو توانی هیوا بۆ ڕێبوارانی دوکتور قاسملوو بۆ درێژەدان بە خەبات بگەڕێنێتەوە بەڵام بەداخەوە تێرۆرکرانی کاک دوکتور سەعید ئەویش لەکاتێکدا کە هێشتا برینی شەهیدکرانی کاک دوکتور قاسملوو سارێژ نەببوو و بەتەواوی سێبەری شوومی ئەو ڕووداوە لە سەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەڕەویبوویەوە کە ئەو زەربەش لە پەیکەری حیزب و بزووتنەوەی کورد کەوت.
ئەوە ڕاستە کە حیزب و ڕێکخراوی سیاسی بە بیروباوەر و خاوەن بەرنامە و پێڕەو و ڕێکخستن واتە تەشکیلات بە لەدەستدانی ڕێبەر یان چەند کەسێک لە ڕێبەرانی تەنانەت کەسی یەکەمیشی پەکی چالاکی و خەباتی ئەو ڕێکخراوە ناخات، بەڵام لە بیرمان نەچێ کە کەسایەتییەکان بەتایبەتی کەسایەتییە پێگەیشتووە خاوەن ئەزموونەکان و شارەزای سیاسەت و کاریزماکان بە ئاسانی شوێنیان پڕ نابێتەوە و دوای خۆیان بۆشاییەکی وەها لە ڕێبەرایەتیدا دروست دەکەن کە ماوەی زۆری پێویستە تاکوو پڕ ببێتەوە.
حیزبی دێموکرات بەهۆی بوونی کەسانی لێبووردوو و خەباتکار لە ڕیزی بەدەنە و ڕێبەرایەتی و ڕەوابوونی خەباتەکەی و بەردەوامی زوڵم و زۆری حاکمانی دەسەڵاتداری ڕێژیم، توانی بۆ جارێکی دیکەش دوای کارەساتی بێرلینیش هەڵسێتەوە سەرپێی خۆی و خۆی تەرمیم بکاتەوە بەڵام ڕاستگۆیانە دەبێ بوترێ کە لێکەوتەکانی دوای ئەو تێرۆرانە و نەخشی وێرانکەریان لە ڕەوتی پێشکەوتنی ئەو حیزبەدا تا ڕادەیەک بەرچاو دەکەوێت. هەرچەند ئەوەندە کاریگەر نییە کە حیزب نەتوانێ ئەرکە مێژووییەکانی خۆی بەجێ بگەیەنێ.

**- بڕیاری دادگای میکۆنووس کە ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە پلاندارێژ و بەڕێوەبەری تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی وهاوڕێیانی ناساند هەتا چەندە گرینگ بوو؟ وڵاتانی ڕۆژئاوایی کە لە بەرانبەر تێرۆرکرانی دوکتور قاسملوودا بێدەنگیان هەڵبژاردبوو، چ هەڵوێستێکیان بەرانبەر ئێراندا گرتە بەر؟**

تێرۆرکرانی کاک دوکتور قاسملوو لە ئۆتریش بەداخەوە بەئاشکرا لەلایەن ئەو وڵاتەوە ساتوسەودای ئابووری پێوەکرا، جینایەتی تێرۆریستەکانی ڕێژیمی ئێرانیان پەردەپۆش کرد. هەر ئەوەش بوو بەهۆی جیددیتربوونی ڕێژیمی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی بۆ پیلاندانان بۆ تیرۆری ڕێستورانی میکۆنۆسیش لە بێرلینی ئاڵمان، بەڵام دەزگای بەتەواوی سەربەخۆی قەزایی ئاڵمان پێشی بە سەودا و مامەڵە و پەردەپۆشکردنی ئەو جینایەتەیش وەک تێرۆرکرانی زۆرێك لە نەیاران و ڕێبەرانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لە ئورووپادا، گرت.
دادگای میکۆنۆس نەک هەر تێرۆریستە نێردراوەکانی ئێرانی بە سزادان مەحکووم کرد، بەڵکوو گرینگتر لەوەش بڕیاردەران و پیلاندانەرانی ئەو جینایەتەشی لە ئاستی بەرزی دەسەڵاتداریەتی لە ئێراندا، وەک ڕێبەر و سەرکۆمار و وەزیری ئیتلاعات و دەرەوەدا مەحکووم کرد و بە بەشداربوون لەو جینایەتەدا ناساندن.
بە شوێن ئەو بڕیارە ئازایانە ودادوەرانەی دادگای بێرلین ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی ئەندامی یەکیەتی ئورووپا باڵوێزەکانی خۆیان لە تاران بەنیشانەی دەربڕینی ناڕەزایەتی لەو جینایەتە، بانگهێشت کردەوە. ئەوهەڵوێستەی وڵاتانی ئورووپایی دەنگدانەوەی بەرینی لە جیهاندا لێکەوتەوە و تا ساڵانێکی زۆر، چیدیکە کۆماری ئیسلامی نەیتوانی بەو ئاسانییە کاری تێرۆریستی لە ئورووپا ئەنجام بدا.
ئەگەر ئەو هەڵوێستە کە دەزگای قەزایی ئاڵمان گرتیە پێش چەند ساڵ پێشتری دادگاکانی ئۆتریش یان فەرانسە یان سویس یان... بیانگرتایەتە بەر ئەگەری زۆر بوو کە کارەساتی بێرلین ڕووی نەدابا.

**- یەکێک لە ئامانجەکانی ڕێژیمی ئێران و تەنانەت حکوومەتەکانی پێشووش ویستوویانە بەتێرۆرکردنی، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و مافخوازی گەلی کورد لە ئێران لەبار بەرن. ئایا لەو ڕاستایەدا سەرکەوتوو بوونە؟**

بەدرێژایی مێژووی چەند سەدەی ڕابردوو بەتایبەت سەدەکانی نۆزدە و بیستی زایینی هەرکارت ڕاپەڕین یان بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کوردەکان سەری هەڵدابێ حاکمانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لە جیاتی گوێگرتن لە داوا ڕەواکانی ئەو گەلە بەشخوراوە پیلان بۆ کوشتن یان سەربەنیستکردنی ڕێبەرانی ئەو جووڵانەویان داناوە.
ئەگەر توانیبێتیان ڕاستەوخۆ لە ناویان بەرن سڵیان نەکردووەتەوە. ئەگەریش نەیانتوانیبێ ئەوا لە ڕێی فرتوفێڵ و لە چوارچێوەی ئاشتیدا پیلانی نگریسی خۆیان جێبەجێ کردووە. چوونکە هیچکات بروایان بە کێشەی کورد نەبووە و هەمووکات وەک یاخیبوون و دەرچوون لە ژێر فەرمانی ناوەند لێکیان داوەتەوە، نەک داوای گەلێک کە مافی خۆی دەوێ.
نموونەی ئەو جۆرە تاوانانە لە مێژوودا چ لە سەردەمی قاجارییەکان چ لە سەردەمی پادشایی پەهلەوی و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا زۆرن و هەموویان یەک ڕێچکەیان گرتووەتە پێش.
تا ئەوکاتەی ڕێبەری جووڵانەوەکان لە دەست تاکە کەسێکدا بووبێ، بە لەنێوبردنی سەرۆکی ڕاپەرینەکە، بەداخەوە کۆتاییشیان بە ڕاپەرینەکە هێناوە بەڵام لەو کاتەوە حیزبێکی سیاسی وەک حیزبی دێموکرات لە مێژووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی ناوەتە گۆڕەپانی خەبات، ئەو جۆرە تێرۆرانە هەرچەند زیانی گەورەی بە جووڵانەوە و حیزبەکە گەیاندووە، بەڵام نەیتوانیوە پێش بە خەبات و تێکۆشانی حیزبەکە بگرێت.
ئەگەر وابوایە هەر دوای شەهیدکرانی پێشەوا ‹‹قازی محەممەد›› نەدەبوا حیزبی دێموکرات خەباتی بکردایە. دوای شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرفکەندیش ڕەوتی خەبات بەردەوام بووە و دەبێ.
هەرچەند نکۆڵی لە خەساری نەبوونی ئەو مرۆڤانە ناکرێ.







## بۆ مامۆستا سەعید

له داوێنی تەرەغەوە،
وەکوو خۆرێک له خۆرهەڵاتەوە چاوت بە ژیان هەڵ هێنا و
بووی بە هەوێنی پیت بە پیتی هەنبانە بۆرینەی کاک
رەحمانت.
لە وڵاتی چێشتی مجێورەوە
خولیای خولقاندنی پاروە نانێک و
پەرداخێک ئاوی ئاسوودە بووی بۆ کورد.
باش دەزانم
ئەوکاتەی وانەی کیمیاگەریت دەخوێند
لە خەیاڵی ئیکتشافی فرموولێک بووی بۆ ئازادی.
پاش ئەوەیکە دێموکراتت بە رێگای رزگاری ناسی،
دڵنیام وەکوو ئەرەشمیدۆس چەندین جارێک پڕ بە باڵای
کوردستان هاوارت کرد:
پەیدام کرد، پەیدام کرد.
شاگردەکانی زانکۆ،
وانەکانی تۆیان لە بیرە
کە هەموو جارێک ئازادیت دەکرد بە کاتالیزۆری هەموو
ئاگرێکی سووری خەبات
دژی زوڵمی حاکمانی سەردەم.
کیمیاگەرەکەی نێو پۆل و سەر شاخ
ئێستا بووەتە رێبەر و
ئاڵای سەر داری قازی و
تەرمی قاسملووی گرتۆتە دەست،
بۆیە زاڵم بە بینینی ئاڵای دەستت بە خۆی لەرزی
لە خۆی تۆرا و
بە تۆ دۆڕا.

نەکەرۆز

## خەرمانان

دەباری خەم لە خەرمانان بە خەروار
وەکوو رۆژی کە سەردار چوو بۆ سەر دار

رەشی پۆشیوە وەک پووشپەڕ وڵاتم
دەچۆڕی خوێن لە جەستەی رۆژهەڵاتم

بینا شەو رەش بێ رووتان، شەوپەرستان
کە خوێنی ئاشتییە دەتکێ لە دەستان

بەڵام دوژمن، ئەوەی نەمرە ئەوینە
هەتاوی کوردەواری زۆر بەتینە

هەتا رۆژ مابێ تا ئاسۆ بمێنێ
سروودی ئەی رەقیب بۆ گەل دەخوێنێ

فەرید راژین

## خۆر و مانگ
## له ساڵیادی شەهیدکرانی
## دوکتور سادقی شەرەفکەندیدا

«تەرەغە»
سەری بەرزی بەرزتر کرد و
هەوایەکی لە گەرووی شمشاڵ هەڵێنجا و
دایە پیرەشەماڵ و
بە باڵای کوردستانیدا کرد.
هەوایەک پڕاوپڕ لە شادی و ڕازاوە بە ورشەی گەشترین
ئەستێرەکانی هیوا و
روون لە چەشنی ئاوی زوڵاڵی کانی قەدپاڵان و
گەرم بەوێنەی ناخی دڵی دڵدارانی گڕاوی گڕ،
هەوایەک کە پشووی خستە هەناسەی پیرەدایکی وەتەن و
مژدەی بوونی «سادق»ـی پێدا.
سادق پەڕ و باڵی بە شیبای کوردایەتی و شنەی بلاوێتی
یەکەم کۆماری کوردان کرایەوە و
مانگ و ساڵانی تەمەنی تێپەڕاند و
لە بەحری زانین و زانیاریدا مەلەی کرد و
گۆی مەلەوانی بردەوە،
بوو بە چرا و
لە شەوی تاریکی رووناکیخوازاندا ئایسا و گڕا.
هەر رووناکی کۆوە کرد
تا لە ئاسمانی کوردستاندا
بوو بە مانگ و
ئەوجار لەگەڵ خۆر یەکی گرت،
یەکیان گرت و
رووناکییان دا بە رێبوارانی شەوبڕ و بەیانیخواز.
شەویان کەڕ کرد،
شەویان کوێر کرد،
خۆر و مانگ و گەلی شەوبڕ،
لە رووناکی خاکیان پڕ کرد.
سامی مەرگ،
سامی نەمان،
سامی ڕمان
گەرووی خێوی شەوی گرت و
هار و دڕ و دڕتر کرد.
خێوی شەو بوو کەوتە بۆسە و کەوتە پیلان.
تا یەکەم جار
خۆر و دوایە مانگی کوردیان لە تاقی ئاسمان ڕفاند.
شەو شەق بووە و
هاکا قەڵای بەختی ڕما،
ئەوەی هەر ما،
ئەوەی تا کورد لە بووندا بێ هەر دەمێنێ و
تەواو نابێ،
رووناکیی خۆر و مانگە،
ڕەحمانی خۆر و سادقی مانگ.
کورد بە خۆر و مانگ و گەلی شەوبڕی خۆی هەر دەنازێ.

بێبەش پیرۆتی

# سینەماکارێکی ناسراوی کورد ماڵاوایی لە دنیای هونەر کرد

سینەماکار و نووسەری ناسراوی کورد و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کاک «تەیفوور بەتحایی» لە تەمەنی ۷۳ ساڵیدا لە وڵاتی سوئید کۆچی دوایی کرد.

کاک «تەیفوور بەتحایی» ساڵی ۱۳۲٦ی هەتای لە شاری سنە لەدایک بووە و خوێندنی لەو شارەدا تەواو کردووە. دوای تەواوکردنی خوێندن لە چوارچێوەی گەلاڵەی «سپای دانیش»دا مامۆستایی کردووە.

لە ساڵەکانی ۱۳٤۸ هەتا ۱۳۵۲ لە «مەدرەسەی سینەما و تێلێڤیزیۆنی تاراندا» لە بەشی وێنەگرتندا خوێندوویەتی.

کاک «تەیفوور» لە دەیەی چلی هەتاوی بەهۆی ئەندامبوون لە ڕێکخراوە چەپەکانی سەردەمی پاشایەتی لە ئێران «گرووپی دوازدە» لە گەلاڵەی بە بارمتەگرتنی «فەرەح پەهلەوی»ـدا، هاوڕێ لەگەڵ تێکۆشەرانی دیکەی سیاسیی ئێران «کەرامەتوڵڵا دانشیان و خوسرەو گوڵ سورخی» دادگایی کرا و زیندانی هەتاهەتایی بۆ دەرچوو.

لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ۱۳۵۷دا هاوڕێ لەگەڵ زیندانییە سیاسییەکانی سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی ئازاد بوو و گەڕایەوە کوردستان و لەگەڵ ژمارەیەک چالاکی سیاسیی دیاری شاری سنە خەباتی سیاسیی خۆی لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا درێژە پێدا.

لە کۆنگرەی ٥ی حیزب لە ساڵی ۱۳٦۰دا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێردرا و لە کۆمیسیۆنی ئینتشاراتدا کاری دەکرد.

کاک تەیفوور یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی بوو.

ناوبراو بێجگە لە کاری سیاسی کاری هونەری لە بەشی فیلم و سینەمادا دەکرد. «نان و ئازادی» یەکێک لە بەرهەمە هونەرییەکانی کاک «تەیفووری بەتحایی»ـە.

دواتر بەهۆی گرفتی بنەماڵەیی نەیتوانی لە کوردستان بمێنێتەوە و ڕووی لە وڵاتانی ئورووپایی کرد، بەڵام چالاکیی سیاسیی خۆی پاش نیشتەجێبوون لە وڵاتی سوئید درێژە پێدا.

ئەو سینەماکارە ناسراوەی کورد سەرئەنجام لە تەمەنی ۷۳ ساڵیدا لە شاری یوتۆبووریی وڵاتی سوئید کۆچی دوایی کرد.


**بەشێک لە بەرهەمەکانی ناوبراو بەم چەشنەیە:**

ئاغەی چۆخ بەخت یۆخ ۱۹۹۰
ژیان بە دەم زریانەوە (ڕۆمان) ۱۹۹۳
چوار ڕەوایەت (چوار وتووێژ) ۱۹۹۸
دارا و نەدار لە دنیادا (وەرگێڕان لە سوئیدییەوە)۲۰۰۱
گەلاوێژ (سناریۆ/چیرۆک) ۱۹۹۲
مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا (کاری هاوبەشی ژیلا فەرجی و تەیفور بەتحایی)۲۰۰۰
نووسینی سناریۆ بۆ فیلم (وەرگێڕان لە سوئیدییەوە) ۲۰۱۲
سەفەری خەیاڵ (ژیاننامە) ۲۰۱۳
ژیان وەکوو خۆی (ڕۆمان) ۲۰۱۵
ئەسپەنجێر (۲۰۱۸)

فیلمەکان

ئازار (رنج) – مستند ۱۹۷۹
نان و آزادی – مستند ۱۹۸۱ تا ۸۳
هەوار (کوچ) – مستند ۱۹۸۱ تا ۸۳
قلەهای سرفراز- مستند ۱۹۸۱ تا ۸۳
روشنایی شمعها – مستند ۱۹۸۱ تا ۸۳
گله گرگ- فیلم بلند ۱۹۹۰
دیبلیاچا- مستند دربارەی کولیها ۲۰۰۲
توطئەی سیاه – مستند ۲۰۰٦

**کتێبەکان**



فارسی
زندگی در باد (رمان)
چهار روایت (رمان)
دارا و ندارها در دنیا (ترجمه)
آقای چوخ بخت یوخ
سفر خیال (از کرسان تا کردستان) (بیوگرافی)
زندگی همچون خودش (رمان)

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای بەداخبوونی خۆی بۆ لەدەستدانی ئەو تێکۆشەر و سینەماکارەی کورد، سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم، کەسوکار و هونەرمەندانی تێکۆشەر دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# KURDISTAN

Published by *Democratic Party of Iranian Kurdistan* ▪ *No : 783* ▪ *21 september 2020*

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia